هاوکاری
التضامن

شەڤامی الخلفاء
مەیدانی الخلافی
ت ٨٨٧٥٧٩٥ / ٥ خەت
ساڵی ١٩٧٠ ژمارە زیادە

رۆژنامەیەکی گەرتانەیە
٨ لاپەڕە
٥٠ فلسە

● چوار شەممە، ١٢/٥/١٩٨٢ژمارە ٦٣٧ ●
● الاربعاء ١٢/٥/١٩٨٢العدد ٦٣٧ ●

دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی
بەڕێوەبەری گشتی و سەرنووسەر
مصلح مصطفی

بریاری میژوویمان‌دا بۆ گێڕانەوەی دەستەڵاتی تەواومان لەسەر خاک‌وئاوەکەمان و بە توانای لێهاتنەوە دژی هەرکەسێ دەوەستێن بەربەستی ئەم بریارە میژوویە ڕەوایەبکات .
سەرەکی فەرمانده
صدام حسین

کوردستانی عێراق ، هەموو خاکی عێراق گۆڕستانی هەموو دوژمنێک و خۆنەچەپەڵەکانیان دەبێت

جەنگاوەرانی عێراق لە هەموو لایەکەوە دوژمن و هێزە شەڕخوازەکانی تێک دەشکێنێ

سەرەکی فەرمانده نامە ئاڕاستەی سەرەکانی وڵاتە بێ‌لایەنەکان دەکات بۆئامادەبوون لە کۆنگرەی بەرزی بەغدادا

سەرەکی فەرمانده بەڕێز صدام حسین ، نامەی بانگکردنی بۆ بەشداربوون‌لە کۆنگرەی بەرزی سەرەکیان حکومەتەکانی وڵاتە بێ‌لایەنەکان لە بەغداد ئاراستەی سەرەکی ژمارەیەکلەو دەوڵەتانە کردوە .

نێردراوی سەرەکی فەرمانده دوکتور عبدالرزاق هاشمی نامەی دەست نووسی‌سەرەکی فەرماندەی لەم بارەیەوە گەیاندوە بەسەرەکی : لوبنان ، لیبیا و تونس، مۆریتانیاو سودان .

ئەوەی شایانی باسە کۆنگرەی بەرزی سەرەکیان حکومەتانی وڵاتە بێ‌لایەنەکان لە مانگی ئەیلولی داهاتودا لە بەغدادەبەسترێ .

فرۆکەشازاکانمان بنکە و مۆڵگاکانی دوژمنی نەفام ئاگرباران دەکەن

جەنگاوەرانی عێراق لە هەموولایەکەوە دوژمن و هێزە شەڕخوازەکانی تێک دەشکێنێ

بەدیل‌گرتنی چەندان سەرباز لەریزی هێزەکانی دوژمن

ماوەی دە ڕۆژ زیاترە ،دوژمنی نەفام‌و تاقمە خوێن ڕێژو درندەکانی ڕژێمی تاران ، ڕۆڵە هەژارو چەوساوەکانی گەلانی ئێران‌بەرەو کورەی شەڕێکی دژوار و ڕادەماڵن ، شەڕماوەی دە ڕۆژ زیاترە نەهاتنی خوێنی گەلانی ئێران‌وا لەمێشک‌و خوێنی خۆمەینی‌و تاقمە درندەکەیدایە ، ئەوەماوەی دە ڕۆژ زیاترە جەنگاوەرە دلێرەکانی عیراق،سەریان دەکوتنەوە لە هەموو لایەک هەر تێک دەشکێن ،ئەوەی هەڵدێ هەڵدێ ، ئەوەی دەگیرێ دەگیرێ‌و ئەوانی‌تر دەبنە سووتەمەنی لێدانە توندەکانی جەنگاوەرەمەردەکانی عیراق ..

وە عیراق ، سوورە لەسەر ئەوەی دەبێت چۆك بە دوژمن دابدات ، تا مافو حەقی ڕەوای خۆمان دەست دەکەوێت‌و ئەو نەفامانە فێر دەبن چۆن ڕێزی سەربەستی‌و سەربەرزی عیراق دەگرن .

● لە دوا بەیاننامەی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانماندا ، چەند هەوڵێکی تری دوژمن لەکەرتی خوارووە تێك شکا بە سەدان گیراوو برینداروو بەهەزاران کوژراو لەریزەکانی دوژمن بووە ، فرۆکەی ئازاکانمان مولگاکانی دوژمنیان ئاگر باران کردوەو زیانی سەرو مالی ڕۆژی لێداون .

هەروەها لەماوەی ئەم هەفتەیەدا بەپێی بەیاننامەکان زیانەکانی دوژمن بەم جۆرە بووە ..

● بەیاننامەی ژمارە (٧٠١) ٦-٥-١٩٨٢

بیست‌و هەشت کوژراوو یەك تۆپ‌و دوو نوتۆمۆبیل‌و دیل‌کردنی هەندێ لە دوژمنان .

● بەیاننامەی ژمارە (٧٠٢) ٧-٥-١٩٨٢

تێکشکاندنی ڕەتێکی میکانیکی دوژمن‌و تێکشکاندنی (١٠) تانك‌و (١٧) نەفەربەری زرێ‌پۆش‌و (٥٥) ئۆتۆمۆبیلی هەمەجۆرەی پڕ لە سەربازو پاسدارانی خومەینی‌و جبەخانەو (٣) تۆپی (١٠٦) ملیمی‌و (٢) شۆفڵ‌و تانك هەڵگرێك‌و (٢٨) کۆمەڵی پیادەی دوژمن‌و داحستنی (٤) فرۆکە یەکێکیان جەنگاوەرو سیانیان

● بەیاننامەی ژمارە (٧٠٣) ٨-٥-١٩٨٢

(٥٤) تانك‌و ٢٣) نەفەربەری زرێ‌پۆش‌و (٤٩) ئۆتۆمۆبیلی پڕ لەنەفەرو (٨) شۆفڵ‌و فرۆکەیەکی جەنگاوەر . هەروەها کوشتنی (١٢١٦) کەس‌و گرتنی هەندی دیل . فرۆکە جەنگاوەرە کانمان (٢٠٨) هێرش‌و هیلیکۆپتەرەکانمان (٨٧) هێرشیان بردە سەر هێزەکانی دوژمن .

● بەیاننامەی ژمارە (٧٠٤) ٩-٥-١٩٨٢

کوشتنی ٢٥٦٥ کەسی دوژمن‌و بریندارکردنی بەدیل‌گرتنی ژمارەیەکی زۆرو تێکشکاندنی (١٢٥) تانك‌و (٣٢) نەفەربەرو (٩) بنکەساروخ‌و (١٤) تۆپی (١٠٦) ملیمی‌و (٥٢) ئۆتۆمۆبیل (٦) شۆفڵ‌و دەستگرتن بەسەر هەندێ ئۆتۆمۆبیلی نەفەربەری زرێ‌پۆش‌و هەندێ کۆمەڵی زۆری چەك‌و جبەخانەی وا بۆ بەکارهێنان بشێ .

بڕوانە ل : ٧

لەم ژمارەیەدا

مامۆستایانی بەڕێز : هاشم حسن، عبدالستار طاهر شریف مەلا عبدالکریمی مدرس ، فواد عارف ، شیخ عثمان بارزانی دەربارەی جەنگی ڕەوای تەلەکەمان بۆ هاوکاری دەدوێن ..

هاوڕێ برهان الدین عبدالرحمن ستایشی بەشداری جەماوەری ناوچەی کوردستان دەکات لە جەنگدا

هاوڕێ برهان الدین عبدالرحمن نەندامی‌سەرکردایەتی قوترو ئەمینی سڕی ڕێکخراوی باکوری‌حزبی بەعسی عەرەبی‌سۆشیالست داوای زیاد کردنی تەقەللای کرد بۆ بەدی‌هێنانی وێنەیەکی روونا‌ك ـتری نوێ تێکوشان‌و خۆڕاگرتنی جەماوەر .

له کۆبوونەوە یەکیدا لەگەڵ بەڕێزان یحی حسن رشید پارێزکاری هەولیرو دوکتور خەسرەو غنی سەرەکی زانکوی صلاح‌الدین‌و چەند کاربەدەستێکی تر ئەوەی دووپات کردەوە کە بەرپرسیاری نیشتمانی لەم زروفەدا لەسەرمان فەرز دەکات هەموو وزەو توانایەك بخەینە کار بۆ ڕێ بەستن لە بەردەم دوژمنەکانی گەلی عیراقمان‌و دەستکەوتە پێشکەوتوەکانی‌و بەربە چدانەوەی توندی هەر کەسێ بیەوێ کۆسپ بخاتە ڕێگای کاروانی شۆڕشی گەورەمان کە تێکوشەری مەزن صدام حسین ڕابەری دەکات .

هاوری بورهان الدین سوپاس‌و ستایشی گیانی

بڕوانە ل : ٧

شەڕلەنێوان پاسدارانی خومەینی و هێزەکانی دژ بەڕژێمدا لەناوچەرگەی شاری تاران

تاران : ئاژانسەکان :

ڕۆژنامەی «الجمهوری ئیسلام» بڵاوی کردەوە کە شەڕیکی قورس لەنێوان پاسدارانی خومەینی‌و هێزەکانی دژ بە ڕژێمی ئێران لەناو جەرگەی شاری تاراندا ڕوی داوە .

ڕۆژنامەکە وای پروپاگەندە کرد کە نێ کەس لە چەکدارەکانی دژ بە ڕژێم کوژراون لەوانە سێیان ئافرەت بوون بێجگە لەگرتنی سیانی تر .

ڕۆژنامەکە دەربارەی زیانی پاسدارەکانی خومەینی هیچی نەوتووە .

ڕۆژنامەکە ڕای گەیاندوە کە لەو ڕۆژەوە هێزەکانی دژ بە ڕژێم فێری پەلاماری ڕاستەوخۆ بوون بۆسەر بنکەکانی ڕژێم ، ڕۆژی دەیان لەو چەکدارانە بە ئاشکرا لەشەقامەکانی تاراندا ڕوو بەڕووی پاسدارانی خومەینی دەبنەوەو تەقەیان لێدەکەن .

● لەلایەکی ترەوە ڕۆژنامەی ـبلادیـ کە لە تونس

بڕوانە ل : ٧

خستنەخوارەوەی فرۆکەیەك لەبسیتین

قسە کەرێکی سەربازی ڕای گەیاند :

بەناوی خوای مەزنەوە :

لە سەعات ٧٤٥ی پێری بەیانیدا فرۆکەیەکی جەنگی دوژمن لەکەرتی بسیتین خرایە خوارەوەو بەچاو فرۆکەکە بێنرا کە لە ئاسماندا تەقیەوە .

٢٨ کوژراوی دوژمن لە نەوسوود

قسەکەریکی سەربازی ڕای گەیاند کە هێزەکانی ئێرانی دوژمن لە ناوچەی نەوسوودو ناوچەی ئێرانی بەرامبەر پێنجوین٢٨ کەسیان‌لێ کوژراوە لەگەڵ هەڵتەکاندنی لۆریەك‌و دوو بنکەی تەقەمەنی‌و ڕوانکەیەك ، ئەویش لە دوو هەڵمەتی مەردانەی جەنگاوەرەکانمان بۆ سەر مولگاکانی دوژمن لەو دوو ناوچەیەدا .

بە باوەڕو هیزی گەلی یەکگرتومان؛

کوردستان و هەموو عێراق گۆڕستانی خۆنەچەپەڵەکانی دوژمن دەبێت

دیارە ، ئێمە ، لە شەڕداین ، دیاریشە ، شەڕ لەگەڵ کێدا دەکەین ، **ئەمە عیراق** ، وڵاتی کوردو عەرەب، ڕژێمێکی تیایە ، حزبێکی ڕێکخراوی خاوەنی بیروباوەڕو مێژوویەکی پڕ لە تێکوشان لەگەڵیا هەموو هیزە نشتمان پەروەرە بەشەرەفەکان ڕابەری دەکات ، هەڵوبستی نەتەوایەتی‌و مرۆڤایەتی لەم وڵاتەدا بەکردەوە گۆڕیوە : گرتنی ڕێبازی دامەزراندنی کۆمەڵێکی نوێ کە مرۆڤ تیایدا سەربەست‌و سەربەرزو خۆش **گوزەران‌و** پێشکەوتو بێ ، وڵاتی لە ڕەگ‌و ڕیشەی : تایفەگەری‌و دەستەڵاتی بێگانە پەرستی‌و نوکەرایەتی کە کەلەبەری هاتنە ژورەوەی دەستەڵاتی ئیمپریالی‌و زایۆنی بوون لە بنەوە هەڵکێشا ، بنەڕەتی برایەتی کوردو عەرەبی لەڕوانگەی مرۆڤایەتی‌و مەوزوعیەوە پتەو کرد بەوەی وەڵامی خواستە ڕەواکانی نەتەوەی کوردی دایەوە لە عیراقدا کەماوەی دە ساڵ زیاتر دەبوو [١٩٦١-١٩٧٠ خوێنی لەپێناودا دەڕشت باوەڕی بە ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان لە چواچێوەی کۆماری عیراقدا هێنا ، لە هەمان ڕوانگەی مرۆڤایەتیەوە ، مافی ڕۆشنبیری کەمایەتیە نەتەوەکانی تری عیراقی دا وەك تورکمان‌و ئاسووری ، کاروانی شۆڕشی عیراق بەردەوام لە ١٧ - ٣٠ تەموزەوە بەم جۆرە ، پایە پایە عیراقی نوێ دروست دەکات ، لە هەمووی گرنگ تر عیراقی شۆڕش لەسەر ڕێبازی سەربەستی خوازی دەروات ، عیراقی سەربەست لەکۆت‌و بەندی کلکایەتی‌و بوون بە پاشکوی ئەم‌و ئەو ، عیراقیکی‌وا ، سەیر نیە [زایۆنی‌و ئیمپریالی‌و کۆنەپەرستانی دەورو بەرو ناوخۆ] گەلەکومەکەی لێ‌یکەن ، چونکە عیراقێکی‌وا ، عیراقی تیشك‌و گەورە بوونە ، گەورە بوون لەسەر باوەڕ ، گەورە بوون بە بازووی عیراقی .. ئێمە باسی ئەم شەڕە دەکەین کە ئیستا لەگەڵ ڕژێمی « نەفامەکانی » ئێراندا دەیکەین‌و .. کەواتە لایەنی دووەم : **ئەوە ئێران** : دەستەیەك نەفامی عەمامە بەسەر ، باوەڕیان بە پێشکەوتن‌و بە مێژوو و بە مرۆڤ نیە ، سەلەفی ، کۆنەپەرست ، درندە ، درندە نۆ لەبەر ئەوەی شەڕیکی چاوبرسیەتی نامەردانەیان دژی ئێمە لە ٤-٩-١٩٨٠ دەست پێ‌کرد، بەڵکو درندەن، چونکە کەڵبەی درندایەتیان بەر لە هەموو کەس لەگیانی گەلانی ئێران گیر کرد ، ئەو گەلانەی کە بە بەردو داری چەوساوەو نەتەوە بێ مافەکانی شای ئێران ڕوخا ، ئەو نەفامانە هاتن بەرهەمی قوربانیەکانی ئەوانیان دزی ، خۆیان لەژێر پەردەی ئیسلامدا شاردەوە ، گەلانی ئێران داوای مافیان کرد ، بچوك ترین نموونە **[کە نەتەوەی کورد داوای مافی ڕەوای خۆی کرد خومەنییەکان وا وەڵامیان دایەوە : لە قورئاندا حوکمی زاتی نیە !!! دوایی کە کورد سوور بو لەسەر مافی ڕەوای خۆی فتوای کافریەتی کوردیان دەرکردو خوێنیان حەڵاڵ کرا]** . خۆ ئیتر عەرەب‌و ئازەرو بلوش نسیبیان چاتر نەبووە ،،، **ئەمە ئیمە « عیراق » ، ئەوەش ئەوان « ئێران »** تا ماوەیەك بەر لە ١٩٨٠/٩/٤ ئێمە « لەعیراق » هەرچەند لە ڕوانگەی مرۆڤایەتی‌و هەستی دراوسێیەتی‌یەوە ، - وەك گەل - هەستمان بە دڵ تەنگی دەکرد کە بەرهەمی ڕەنجی خەباتی گەلانی ئێران وابشکێتەوە ، دەستەیەك نەفام بریاری چارەنووسیان بدەن ، بەڵام وامان سەیر دەکرد بریار دانی پاشە ڕۆژی ئەم کارە ئەرکی گەلانی ئێرانە ، بەڵام نایا «ئاخوندە»کانی ئێران هەر بە کەڵبە تێ‌کردن لەگەڵ ئێران وازیان هێنا ؟! ئاشکرابە نۆ ، خۆیان گیف‌کردەوە ، « تصدیر »ی شۆڕشیان خستە سەر دەم ، لەدەمەوە بە کردوە ، کەوتنە پیلان‌و پەلاماردان‌و عیراقی دراوسێیان هەڵبزارد بۆ تاقی‌کردنەوەی خۆ گیف کردنەوەبان وتیان **[بەغدا دەگرین ... حوکومەتەکەی دەروخێنین ... وتیان‌و .. وتیان‌و .. وتیان ..]** وتن لەگەڵ کردەوەدا پەلاماری سنووریاندا ، شارەکانیان بۆردومان کرد ، دانمان بەخۆماندا گرت‌و سوودی نەبوو ، سوور بوون لەسەر هەڵویستی دوژمنایەتیان سوور بوون لەسەر ئەوە « تصدیری » شۆڕشەکەیان لای ئێمە دەست پێ‌بکەن ، چی بکەین ؟!

چیمان بکردایە ، بمان‌وتایە وەرن چیمان بەخۆین‌و ڕەنجو کردەوەو باوەڕ دروست‌کردوە وێرانی بکەن‌و وڵاتەکەمان بکەنە بنکەی تاقی‌کردنەوەی عەقلی سەلەفی‌و کۆنە ویستیان ؟! کام عیراقی لە کورد لە عەرەب رازی دەبێت ؟! کەس مەگەر ئەوانە نەبێ کە خۆ فرۆشی لە خوێنیاندایە ... کەواتە ڕژێمی ئێران شەڕ خواز بوو شەڕ خوازە ، شەری دەویست ، وە ... شەڕ هەڵگیرسا .

بڕوانە ل : ٧

Institut Kurde de Paris

لەی وسەیکدا بۆسەرەکی فەرمانده

جەماوەری هەولێر دووبارەی دەکەنەوە سەربازی بەوەفای شۆڕشن

جەماوەری پارێزگای هەولێر بەڵێنیان بۆ سەرەك صدام حسین تازەکردەوە کەهەمیشە سەربازی بەوەفای پێشەوایەتی‌یە دووربینەکەی-بن لەپێناوی بەرگری کردن لە خاکی نیشتمان‌وسەربەرزیی‌و یەکێتی‌ی ئەڵو خاکەکەی ٠

لە کۆتایی کۆڕێکدا کەئەنجومەنی ناوەندی گەل لە پارێزگادا گێرای جەماوەری هەولێر بروسکەیەکیان بۆ سەرەك صدام حسین بەرزکردەوەو جارێکی‌تر ئامادەیی خۆیان تیا پیشاندابۆ هەڵگرتنی چەك‌و پێشکەش‌کردنی توانای‌جەنئاوەرانەی خۆیان بۆ شەڕ تا سەرکەوتنی‌تەواومان بەسەر دوژمنی ئیرانیدا دەستدەکەوێ ٠

لەم کۆڕەدا بەڕێزان یحیی‌محمد رشید پارێزەری هەولێرو هاوڕێ جێگری ئەمیندارییئەنجومەنی سەرۆکایەتی لقی حزب لە هەولێرو سەرەکی ئەنجومەنی گەل لە بارەی سەرکەوتنەکانی ئەم دوایی‌یەی‌سوپا ئازاکەمان قسەیان‌کرد لە شەڕەکانی جوونە کەرنی‌ئەحوازو خەفاجییەدا ٠ قسەکەرەکان باسی گرنگی‌ئەو بەشداری‌یانەیان کرد کە هاوولاتیان دەتوانن لە پشتگرتنی شەردا پێشکەشی بکەن‌و چۆن دەتوانن مەسرەف‌کەم‌کەنەوە بۆ ئەوەی شەڕەکەمان بەهێزبکرێ وگیانی سەرکەوتنی تیا بپارێزرێ ٠

دەستی ڕێزنان لەهەڵویستی‌ئاشتی خوازانەی عیراق لە مەوزعی سەرکەوتنەوە

مامۆستا مەلا عبدالکریمی مدرس :

بێگانەکان نایانەوێت ئەم شەڕە ببڕێتەوە

لای هەمووان ئاشکرایە کە عیراقی شۆڕش لەمەوقعی بە هێزی‌و سەرکەوتنەوە ،هەر لەیەکەم ڕۆژی دەستدرێژیەکانی ڕژێمی ئێرانەوە کە بوە هۆی هەڵگیرساندنی ئاگری شەڕ ،ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە چاوی ئەبڕیوەتە خاکی ئێران‌و نایەوێ سوپاو گەلی ئێران زەلیل بکات ، ئەوەی‌دەیەوێت ڕێزگرتنی سەربەستی‌و سەربەرزی‌عیراقە وەك وڵاتێکی سەربەخۆو دەست نەخستنەکاروباری ناوخۆیەوە ، لە زمانی سەرەکی فەرماندەبەریز صدام حسین‌ەوە دەیان جار ئەوەمان دووپات‌کردەوە ، شەڕ خوازنین‌و داواکاری حەق‌و عەدالەتین ،بەڵام تاقمە گومان لێ‌کراوەکەی ڕژیمی تاران هەر سوورن‌لەسەر شەڕو خوێن ڕشتنن ، کە بەمە هەڵویستی‌دوژمنایەتی خۆیان نەك هەر بەرامبەر عیراق‌و ئیسلام بەڵکو بەرامبەر مرۆڤایەتی دووپات کردەوە ٠

لای هەمووان ، پیاوی‌ئاینی‌و سیاسی‌و نیشتمان پەروەران‌و پێشکەوتخوازەکانی ئەم وڵاتەو ئێرانیش و دنیاش ڕوون بۆتەوە تاقمەخوێن ڕێژەکەی تاران بە هاندانی بێگانە دەیانەوێت‌دەرێژە بەم شەڕەبدەن ٠

لە دوانێکی مامۆستای‌بەڕێز مەلا عبدالکریمی مدرس سەرەکی کۆمەڵەی زانایانیەکانی عیراق بە هاوکاری فەرموو :

(بەسفەتی ئەوەی کەمن‌پیاوێکی ئایینیم‌و چاوم لە نصوصی ئیسلامەوەیە ،بەڵام‌وایە شەڕکردن خێری تیانیەو هەمیشە ئیسلام داوای‌ئاسایش‌و ئاشتی‌و ژیانی خاوێن‌و بێ‌ئازار دەکات‌و ئەم هەڵویستەش هەمیشە سەرکردایەتی عیراق دووپاتی کردۆتەوە ٠بەڵام من باوەڕم وایە ئەوەستانی ئەم شەڕە لەبەرئەوەیە کە بێگانەکان نایانەوێت ئەم شەڕەببڕێتەوە ، بەقەرینەی ئەوە کە گەلێ جوادیسی گرنگ‌گرنگ ڕوو دەدات ، لەوانەیە کە ئەنجامی ئۆز خرابی ببێ‌لەجیهاندا ، لەگەڵ ئەوەشدا بە سەعیەکی مناسب چاری‌دەکەن) ٠

مامۆستا فؤاد عارف :

هەڵوێستی سەرکردایەتیمان بۆ چارەسەری ئاشتیانەی ناکۆکی عێراق‌وئێرانە تەقدیر دەکرێ ..

● لەچوارچێوەی‌پەیوەندی‌یەکانی ڕۆژنامەی هاوکاری لەگەڵ نیشتمان‌پەروەرانی کورددا ، مامۆستا فواد عارف لە گفتوگۆیەکی‌تەلەفۆنیدا وتی :

● وەك ئاشکرایە ڕژێمی‌ئێرانی شەڕی بەعیراق فرۆشت‌و دەیویست‌دەسبخاتە کاروباری ناوخۆیەوە ، لەم ڕوانگەیەوەوڵاتەکەمان ناچار بوو کە سنوورو خاکی خۆی بپارێزێ،ئێستاش تەقدیری ئەوە هەوڵە بیرۆزانە دەکەین کەسەرکردایەتیمان دەیدا بۆ چارە سەرکردنی مەسەلەکە‌بەشێوەیەکی ئاشتیانە ، هەرچەندە وڵاتمان لەمەیدانی‌جەنگدا سەرکەوتوە ، بەرای من ئەنجامی شەڕ باش نیە،چاکتر هەر وایە ئێرانیەکان بێن بەدەنگی ئاشتیخوازانەی‌عیراقەوە ٠

پرسیارەکانی هاوکاری :

١ - بێداگرتنی ڕژێمی ئێران لەسەر بەردەوامی شەڕچۆن هەڵدەسەنگێنن ٠

٢ - بێگومان ئەوە دەزانن کە عیراق بە بێ‌ی ئەو ڕێبازە سەربەخۆیی خوازەی ڕەفزی کلکایەتی دەست وەردانە ناو کاری ناوخۆ دەکا تا لەم ڕووەوە تاسکەدا ڕووبەڕووی گەلی پیلان دەبێ دژی ئەم سیاسەتەی لەبارەی سەرنجی خۆتان چون ڕووناکی دەخەنە سەر ئەم بارە ؟

٣ - چۆن هەڵوێستی ئەتەوەی کورد لە کوردستانی عیراق بەرابەر بەم‌بارەی ئێستا دەبینن پێشبینیتان بۆ پاشە ڕۆژی چیە ؟

وا میللەتی عیراق بەکوردو بە عەرەبەوەو بە هەموو کەمایەتی‌یەکانیەوە لەم جەنگە پیرۆزە ، جەنگی قادسیەی صدام دەجەنگێ‌و دوژمنی بترانی ڕەنەر پەرستیان ئەفرونونا کردووە ٠

ڕۆڵەکانی کوردیش شەرفمەندی ئەم جەنگەیان وەرگرتووەو گیانی پاکیان بەنیشتیمانی ئازیز بەخشیوەو شان‌بەشانی برا عەرەبەکان جەنگاون‌و تێکۆشاون‌و لەیەك سەنگەرا سەریان لەدوژمن‌شێواندو میللەتی کورد بەشداری لەگەڵ عیراقدادەکات لەو سەرکەوتنانەی کە بەسەر دوژمنی ئێرانیدادەهێنێت ٠٠ بەم بۆنەیەوە چاوپێکەوتنێکمان لەگەڵ بەڕێز هاشم عقراوی وەزیری دەوڵەت کوردوو ئەوپرسیارانەی سەرەوەمان ئاراستەی بەڕێزی کردئەمەش وەڵامەکانیەتی ؟

- مەوزوعی ناکۆکی ئێمەلەگەڵ ڕژێمی ئێرانی مەسەلەیەکە پەیوەندی بەپیروباوەڕی فراوان‌کردن‌و دوژمنایەتی‌یەوە هەیە بەڵکوزیاتریش ، لەو ڕۆژەی خومەینی گەڕایەوە بۆ تەهران‌وجەڕەی حوکمی بەدەستەوە گرت وابزانم حەفتەیەکی‌نەخایاند دەستی کرد بە قسەکردن دژی عیراق‌و کاربەدەستانی ئەو نیزامە دەستیان کرد بە هەڕەشەو گوڕەشە لە عیراق‌و نیازی چەپەڵی ئەم ڕژێمە دەرکەوت‌و بەپێی ڕۆژگار ئەو ئامانجەیان بەرچاو کەوت ئەوەبووسوپایان لەسەر سنوورەکان داناو ئامادەیان کردن بۆشەڕ ، کەڕانەوەی ئاقید کەی مسعود بەرەزانی بۆئێران‌وبارمەتی دانیان بە پارەوچەك بۆ ئەوەی ئاژاوە لە ناوچەی‌کوردستان (ئۆتۆنۆمی) بنێنەوە لەوکاتە دەستی کردبە لێدانی چەند شاری عیراقی وەکو خانەقین‌و زرباتیە‌ومەندلی‌و دەستدرێژ کردنی عیراق لە ڕێ حزبی دەعوەی ئەلقەلەگوێ‌و تەقینەوەی نارنجۆك لە زانکۆی‌مستنصریەو بریندارب‌وونی قوتابیان‌و شەهیدبوونی‌هەندێکیان ئەمە یەکێکە لەو کردەوە نامرۆڤایەتیانەی‌ئێران ، لەوکاتەدا عیراق زۆر هەوڵی داوە بیهێنێتەوەسەر ڕێگای ڕاستی چ بە بروسکەو چ بە نامێلکەو دووپاتیشمان دەکردەوە کەوا ئێمە هیچ گیروگرفتێکمان‌لەگەڵ ئێراندا نیە تەنها ئەوەی مافی خۆمان لە ئاووخاکدا ووەدەست بهێنین‌و سەربەخۆیی‌و سەربەرزی‌خۆمان بپارێزین و کەس دەست بەناو کاروباری‌وەڵاتی دراوسێ نەخەین‌و ڕێزی سەربەخۆی یەکتری‌بگرین‌و هەر یەکە لە ئێمەمانان بەو ڕێگایە بڕوات‌کەوا خۆی هەڵی دەبژێرێت‌و زۆریش حەزمان دەکرد وەکو‌دراوسی‌یەك خەریکی گیروگرفتی ناوخۆیان بین‌هەروەها حەزمان دەکرد وەکو دراوسی‌یەك بە خۆشی‌وسەرفرازی بژین ، جگە لەمانە مەبەستێکی کەمان‌نی‌یە ٠ هەروەها هەمان‌شتمان دەوێ بۆ دراسێ‌کانی تریشمان

مامۆستا بەکر اسماعیل محمد سەرەکی دادگای ئیستئنافی ناوچەی کوردستان :

یەك ڕیزوەستانی گەلەکەمان لەپشت سەرکردایەتیە-کەیەوە گیانی سەرکەوتنمانی بەتەو کردووە ..

لە پەیوەندیکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ مامۆستا بەکر اسماعیل محمد سەرەکی‌دادگای ئیستیئنافی ناوچەی کوردستان دەربارەی جەنگی‌ڕەوای گەلەکەمان دژی ڕژێمی ئێرانی خوێن ڕێژ ووتی :- - بێ‌گومان ئاشتی‌و تاسایش لە بەرژەوەندی هەموولایەکدایە ئەو هەوڵەی کە سەرکردایەتی وەڵاتەکەمان‌داویەتی‌و دەیدا بۆ بەرپاکردنی ئاشتی چێ‌گەی ڕێزوشانازیمانە ٠

بەتایبەتی لە حاڵەتێکدا کە عیراق تا ئێستا لە مەیدانی جەنگدا زاڵە ئەو هەوڵەی عیراق داویەتی ئەوە ڕادەگەیەنی کە سەرکردایەتیمان بڕوای پتەوی بە ئاشتی هەیەو ئەم شەڕەی بەسەردا سەپێنرا ، **هەروەها مامۆستا بەکر اسماعیل محمد ووتی :-**

لەم کاتانەشدا لەم بارو دۆخەدا کە ڕژێمی خومەینی دەیەوێت درێژە بەشەر بدات گەلەکەمان دەبێ یەك ڕیز ڕاوەستێ‌و پێکەوە بەرگری لە شەرەفی خاك‌و گەلی عیراق بکەن‌و نەهێڵن بێگانە خاکی پیرۆزمانەوە ٠

دەنگی نارەزایی هاوولاتیان دژی ڕژێمی حافظ أسدی بەکری گیراو بەرز دەبێتەوە ...

لەم ڕۆژانەدا گەلی‌عیراق لەشاخە سەرکەشەکانی کوردستانەوە تادەگاتە‌دەشتاییەکانی خوارووە دەنگی نارەزایی خۆیان بەزکردۆتەوە بەرامبەر ئەوخیانەتکاری‌یە تازەیەی‌ڕژێمی (حافظ اسد)ی چلکاوخۆر بە داخستنی‌سنوری ئێران عیراق و سوریاو بڕینی بۆری‌یە نەوتی‌یەکانمان ، هەندێك لەو هاوولاتی‌یانە لەگەڵماندان بەڕەقەوە ناڕەزایی خۆیان دەردەبڕن ٠

● خوشکە جانیت شمعون کرێکاری بەدالە لەم ڕووەوە وتی :-

ڕژێمی حافظ اسد هیچ کاتێك هەڵوێستێکی پیاوەتی لێ‌نەوەشاوەتەوە ، هەمیشە بیری لەخیانەتکاری‌و پیلان‌گێڕان کردۆتەوە ، بەتایبەتی دژی گەلی عیراقمان لەڕووی پشتگیری‌کردنی ڕژێمی دیکتاتوریەتی فارسی ڕەگەزپەرست ، ئەمجارەشیان سەرلەنوێ کارەنامەموارەکانی خۆی دووپات کردەوەو تاوانێکی تریشی خستە سەر تاوانەکانی بەداخستنی سنوری نێوان عیراق‌و سوریاو بڕینی بۆڕی‌یە نەوتی‌یەکانمان٠

● هەروەها‌خوشکە ئاواز کمال ڕشید هەستی ناڕەزایی خۆی دەربڕی بەرامبەر ئەوە‌و خیانەتکاری‌یە ناپەسەندەو وتی :-

گەلی کوردمان لە کوردستانی عیراقدا ، هەمیشە سەربازێکی بەوەفابووە بۆپاراستنی ئەم نشتمانە ٠٠٠ ئەمڕۆش لەجەنگێکی دژواردایە دژی ڕژێمی خومەینی بەکرێ‌گیراو لەپێناوی پاراستنی خاکی عیراق ٠٠٠

بەڵام دەست درێژی‌یەکەی ئەم جارەی (حافظ اسد)ی

بڕوانە ل : ٧

ئاوەدانی پارێزگای "دهۆك"ی گرتۆتەوە

نووسینگەی دهوکەوە

پارێزگەکەها دهوکێ وەکی هەمی پارێزگەهێت عیراقی یا ئاڤە دان دبیت بۆ زانینا وان پرۆژێت تێنە دورست کرن مە ئەف گفتو گویە دگەل ڕێبەرێ خانی‌یا کر کۆ ئەندازیار هیشام نایف محمود) ٥ ٠

پ/ سەیدا هەکە زەحمەت نەبیت ئەو بروژێت هینی ل پارێزگەها دهوکێ ئاڤا دکەن یان ئەفێت تەمام بووین بۆ مەدەست نیشان بکە ٠

وەلام : براستی ئەم گەلەك پرۆژا یێت ئاڤا دکەین ل دهۆکێ کۆ بهایێ وان پێترە ژ (٣٢) ملیون دینارا ئەو ژی هندەك یێت ب دیماهیك هاتین وەك ٠

١ - نەخوش خانا « تایا : الحمیات » کۆ ٩٥٠٫٠٠٠ هزار دینار ٠

٢ - خاندگەهێت حزبی ئێك ل بنگەها پارێزگەهێ یا دی ل زاخویێ ب «١٨٠» هزار دینارا ٠

٣ - بنگەها ئامرازێت فێرکرنێ کۆ « ١٦٠ » هزار دینار ئۆ ژبلی «٤٢٤» ئەپحارتا مە یێت دورست کرین «١٨٠» ئەپمارتە نهۆ خەلکێ نافدا یێت دی ژی ئامادە بۆ دابەش کرنێ ٠

ئۆ هندە پرۆژێت دی کۆ مەیا دەست هافتی‌یە وەك :

١ - نەخوش خانا گشتی دگەل ئەپمارتمانێت دختورا کۆ « ١٨ » ملیون تێ دچن

بڕوانە ل : ٧

سەرەڕای ئەم هەموو‌وشتانە گەلی عیراق پشتی ئەستورەو هەمیشە بەسەرکردایەتی پاڵەوانی قارەمان سەرەکی فەرماندەصدام حسین هەر تێدەکۆشێ دژی هەموو پیلان‌ودوژمنایەتیەك کە بکرێتە سەر وڵاتەکەمان‌و هەرچەندقوربانی بدەین هێشتا کەلە لە پێناویدا ، وەکو سەرەڕەك‌دەفەرموێ : ئێمە ڕووباری خوێن دەدەین‌و عیراق نادەینەدەس کەس ٠

دەوری زایۆنیش ئاشکرایەوئەویش دوژمنێکی مەرکزیەو چاك دەزانێت کە عیراق وا زلەفەلەستین نامێنێت‌و گەلی عەرەبی فەلەستین هەر دەبێ‌رزگاری ببێت ٠

طەبیعی ئەوانەش کەدەیانەوێ ئاشوبەو وێرانکاری بنێنەوە دژی ئۆتۆنۆمی لەکوردستانی عیراقدا ئەوانە پێیان دەوترێت (جیوبی‌عەمالەت)و ڕژێمی حافظ اسدو ایران یارمەتیان دەدەن ،منیش وەکو کوردێك ئەڵێم کە ڕژێمی حافظ اسد کەواپڕوپاگاندەی ئەوە دەکات کە یارمەتی گەلی کوردئەدات ، ئەی بۆچی دان نانێ بە مافی کوردەکانی سوریادابەنسبەت ڕژێمی خومەینی‌یشەوە : دوو ئەوەندەی‌کوردی عیراق کورد هەیە لە ئێراندا ، ئەوانیش‌شۆڕش دەکەن‌و داوای مافی خۆیان دەکەن ئەی بۆچی‌خومەینی ئەگەر ڕاست دەکات دان‌نانێ بەمافەکانیاندا نانێت ؟٠

کورد لە کوردستانی‌عیراق پێش هەموو شتێك عیراقین لەگەڵ خصوصیەتی‌گەلی‌ی خۆیاندا بە قەناعەتی ئێمە پاش ئەوەی کە لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕشی ١٧ی تەموزوە بەرەسمی دان‌نرا بە مافی گەلی کورداو ئۆتۆنۆمیان‌وەرگرت ، دەوریان زیاتر دەبێت بە ڕانبە بە نیشتمانی‌خۆیان‌و وڵاتی خۆیان کە عیراقە ، بۆ دووپاتی‌قسەکەشمان ئێستا لە بەرەکانی جەنگدا زۆر لەجەنگاوەران بەرگری لە نیشتمانی خۆیان‌دەکەن بە سەرەکایەتی هەڤاڵی تێکۆشەر صدام‌حسین‌و گەلی کورد بەرگری کار دەبێ لە خوێنی‌برا عەرەبەکانی لە بەرەکانی جەنکدا دژی ڕژێمی‌ئێران ٠

ئەوانەش کە‌ناڕاوەدەنێنەوە ، ئەو جیوبی عەمالەتانە ناتوانن تاسیر لەمیللەتی کورد بکەن ، چونکە میللەتی کورد ئێستا بۆ یەکەم‌جار شاد بووە بە مافی ڕەوای خۆی‌ەوەها بەهەموو توانایەکی‌یەوە تێدەکۆشێ‌نامانجەکانی شۆڕشی ١٧ی تەموز بهێنێتە دی ، هەروەهادیسانەوە بەنسبەت تەومی کوردیشەوە هەر لە تێکۆشانی‌ساڵەکانی ١٩٢٠وە تاکو شۆڕشی مایسی ١٩٤١شان‌بەشانی براکانی تری لەعیراقدا دژی زولم‌و ڕۆژتێکۆشاوەو دەوری هەبروەو ئێستاش وەکو واجبی‌سەرشانی‌و وەفا بەرانبەر شۆڕشی ١٧ی تەموزوسەرکردایەتی شۆڕش‌و سەرەکی تێکۆشەر صدام‌حسین تێدەکۆشێ‌و لەسەرەی دەروات ٠

Institut kurde de Paris

شیخ عثمان بارزانی :
کەمتەرخەمی ناکەین لە قوربانی دان و خۆبەخت کردن بۆ پاراستنی یەکیتی و سەربەستی عێراق و پتەوکردنی گیانی سەرکەوتن

لەم بارە ناسکەی وڵاتەکەمانی تیا دەژی و رووبەرووی جەنگی چاوبرسیەتی و درندایەتی رژێمی نەفامەکانی ئێران دەبێت ئالای سەرکەوتنی عێراقی شۆڕش ، عێراقی برایەتی کوردو عەرەب ، بە یەکیتی و یەکریز وەستانی گەلەکەی لە پشت سەرکردایەتی شۆڕشەوە تا دێ بەرزتر دەشەکێتەوە .

لە گفتوگویەکی پەیامنێری « هاوکاری »دا لەگەڵ **بەرێز شیخ عثمان بارزانی**دا کە یەکێکە لە کوردە دلسۆزە ناسراوەکان هەمیشە بە دلسۆزی و گیانی نیشتمانپەروەری پشتیوانی پتەوکردنی یەکیتی نیشتمانی عیراق بووە ووتی :

زۆر بەلگە هەن ئەوە ساغدەکەنەوە ، رژێمی خومەینی نەفام شەڕێ بە وڵاتەکەمان فرۆشت و رەددانەوەی ئێمەش پێویست بوو بۆ پاراستنی سەربەخۆیی و سەربەرزی عیراق ، بەڵام دووڕخستنەوەی ئەو ترسەی ڕووی لە سەربەخۆیی وڵاتەکەمان کردبوو عیراق لە مەوقعی هیزیەوە لە زمانی سەرەکی فەرمانڕەوە صدام حسینەوە لەوساوەتا ئێستا هەڵوبستی ئاشتی خوازانەی پیشان داوە بۆ وەستاندنی شەڕ بە مەرجی پاراستنی مافەرەواکانی عیراق و دەستوەرنەدانە کاروباری ناوخۆمان ، بەڵام کە ئێران سوورە لەسەر هەڵویستی دوژمنایەتی بێگومان ئەوە بەلگەی شەڕانیەتی و نەفامی حوکمڕاکانی تارانە .

دەربارەی بەشداری مەردانەی گەلی کوردمان لەم جەنگەداو بۆ بەرگری کردن لە یەکیتی خاکی عیراق و دەستکەوتەکانی بەرێزی وتی:

لە مێژەوە کورد شان بەشانی عەرەب لە خەبات و تێکوشاندان و ئیستاش لەم جەنگە رەوایەدا گەلی کورد سەرلەنوێ دلسۆزی و بەوەفایی خۆی دووپات کردەوەو ئێمە دووپاتی دەکەینەوە کە کەمتەرخەمی ناکەین لە قوربانی دان و خۆبەخت کردن بۆ پاراستنی یەکیتی و سەربەستی عیراق و پتەوکردنی گیانی سەرکەوتن .

ئیمان وتی :

هەندێ لایەنی گومانلێکراویش لە ناوەوە دەیانەوێت کوسپ بخەنە بەردەم کاروانی پێشکەوتوی عیراق ، هەرچەند بە ڕای ئێمە رووداوی ئەو کارو بارانە ئاسایە بەڵام ئێمە لە بەهێزی کاروانی شۆڕشی عیراق دڵنیاین و هیچ هێزی ناتوانێ کاروانی سەرکەوتوی بوەستێنێ و گەلی عیراق بە کوردو عەرەبەوە بە رابەری سەرەکی فەرماندە صدام حسین زامنی پاراستنی ئەودەستکەوتە مەزنانەن بۆ گەلەکەمان بەدی هاتوون ، شۆڕش بە جۆری چەسپاوە ، پیلانەکانی دوژمن ناتوانێت پایە پتەوەکانی لەق بکات .

ئەدەب و ڕۆشنبیری

• زانستی زمان •

دەوری "بەرکاری"ی ڕاناوی لکاو

د. **وریا عمر امین**

لە بەشی ڕابردوودا سەیری هاوکاری ژمارە دەوری (ڕێکەوتن) واتا (بکەری)ی ڕاناوە لکاوەکانی زمانی کوردی دەس نیشان کرا . جۆر و دەرکەوتنیان لەم دوو وێنەیەدا ڕوون کرایەوە .

ژمارە	کەس	جود	لکاو		
			١	٢	٣
تاک	١	من	م	م	م
	٢	تۆ	ت	یت	یت
	٣	ئەو	ی	—	ێت/ات
کۆ	١	ئێمە	مان	ین	ین
	٢	ئێوە	تان	ن	ن
	٣	ئەوان	یان	ن	ن

وێنەی ژمارە -١-



جۆری یەکەم بە یەکەمی ئەم بەشانەی ڕستەوە ئەلکێ یەم ریزە .

١ - بەرکاری ڕاستەوخۆ [یا بە ئەو ووشانەی یە ناو ئەبرێن -- زۆر ، کەم ، گەلێك ... هتد - وەك لە - **ئێمە زۆر -مان دیاری بۆ ئێوە ناردووە]**

٢ - بەرکاری ناراستەوخۆ

٣ - پرپۆزیشن .

٤ - پێشگری یەکەم .

٥ - ڕەگی فرمان .

واتا - کەی یەکەم لە ڕستەدا هەبوو ڕاناوی لکاوی کۆمەڵی (١) بەمەوە ئەلکێ ئەگینا بە دووەمەوە . دووەمیش نەبوو سێیەم ئەبێ بە پەناگەی و بەم جۆرە - **ئەمە یاسا ژمارە (١) .**

- کۆمەڵی دووەم و سێیەم هەمیشە بە ڕەگی فرمانەوە ئەلکێن - **ئەمەش یاسا ژمارە(٢) .**

جگە لە دەوری (بکەری) ئەم ڕاناوە لکاوانە دەوری (بەرکاری)ش ئەبینن - واتا بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناوی خاوەن ئەشێ جێگیر بکرێن بە ڕاناوێکی لکاو . بۆ ڕوون کردنەوەی ئەم لایەنە ڕاناوە لکاوەکان دابەش ئەکرێنە سەردوو کۆمەڵی A و B بەم جۆرە .

بۆ جێگیر کردنی بەرکاری ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ یا ناوی خاوەن بە ڕاناوێکی لکاو ئەم هەنگاوانە ئەگرینە بەر :

١ - سەیری ئەو ڕاناوە لکاوە ئەکەین کە دەوری (ڕێکەوتن) واتا (بکەری)ی بینیوە ، لە کامە کۆمەڵ بوو بۆ (بەرکاری) ڕوو لە کۆمەڵەکەی تر ئەکەین .

٢ - بە پێی کەس وژمارەی جێگیر کراوەکە ڕاناوە لکاوەکە هەڵئەژێرێت .

٣ - بە پێی یاسای ژمارە(١) و (٢) شوێنی لە ڕستەکەدا دەس نیشان ئەکرێت .

بۆ نموونە لە ڕستەی **تۆ ئێمە بۆ ئەو ئەنێریت .**

بەرکاری ڕاستەوخۆ (ئێمە) یا بەرکاری ناڕاستەوخۆ (ئەو) یا هەردووکیان بە یەکەوە ئەشێ جێگیر بکرێت بە ڕاناوی لکاو . گەر بمانەوێ بەرکارە ڕاستەوخۆکە جێگیر بکەین بە ڕاناوێکی لکاو .

١ - ئەو ڕاناوە لکاوەی دەوری (بکەری) بینیوە(یت)ە کۆمەڵی یە . واتا بۆ (بەرکاری) ڕوو لە کۆمەڵی ئەکەین .

٢ - (ئێمە) لە کەسی (یەکەمی کۆ)دایە . بە پێی وێنەی ژمارە (١) - (مان) لە کۆمەڵی بەرامبەری یەتی .

٣ - بەپێی یاسای ژمارە(١) . کە بەرکاری ڕاستەوخۆ لە ڕستەدا نەبوو ، ڕاناوی لکاوی کۆمەڵی یەکەم بە بەرکاری ناڕاستەوخۆوە ئەلکێت .

بەم جۆرە ڕستەی : **تۆ ئێمە بۆ ئەو ئەنێریت**

مان

یاسا ژ (١)

ئەبێ بە **تۆ بۆ ئەو-مان ئەنێریت .**

گەر بمانەوێ بەرکارە ناڕاستەوخۆکە بکەین بە ڕاناوێکی لکاو . بە هەمان پەیرەو :

١ - ئەو ڕاناوەی کە دەوری (بکەری)ی بینیوە لە کۆمەڵی **B** یەوەیە . بۆ (بەرکاری) ڕوو لە کۆمەڵی **A** ئەکەین .

٢ - (ئەو) کە بەرکاری ناڕاستەوخۆیە لە کەسی (سێیەمی تاك)دایە ، بەپێی وێنەی ژمارە (١) بەرامبەرەکەی (ی)یە .

٣ - بە پێی یاسای ژمارە(١) ڕاناوی لکاو بە بەرکاری ڕاستەوخۆوە ئەلکێت گەرلە ڕستەدا هەبوو .

بەم جۆرە ڕستەی :

A	B	
١	٢	٢
م	م	م
ت	یت	یت
ی	—	ات / ێت
مان	ین	ین
تان	ن	ن
یان	ن	ن

وێنەی ژمارە -٣-

دوای جێگیرکردنی بەرکاری ناڕاستەوخۆ بە ڕاناوێکی لکاو ئەبێ بە

تۆ ئێمەی بۆ ئەنێریت .

هەروا لە ڕستەی

من ئوتومبیلەکەی تۆم فرۆشت .

(تۆ) ناوی خاوەنە ئەشێ بە ڕاناوێکی لکاو جێگیر بکرێت .

١ - ئەو ڕاناوە لکاوەی دەوری (بکەری)ی بینیوە لە کۆمەڵی **A** یەوە وەرگیراوە- چونکە فرمانەکە ڕابردووی تێپەڕە - بۆ ناوی خاوەن ڕوو لە کۆمەڵی **B** ئەکەین .

٢ - (تۆ) کە ناوی خاوەنە لە کەسی (دووەمی تاك) دایە ، بە پێی وێنە ژمارە (١)بەرامبەرەکەی (یت)ە .

٣ - بەپێی یاسا ژمارە(٢) کۆمەڵی هەمیشە بە ڕەگی فرمانەوە ئەلکێت .

بڕوانە ل : ٧

دیدەنی شاعیرێکی میللی

ئامادە کردنی :

نووسینگەی هاوکاری سلێمانی کاك حەمە عەلی وریا شاعیرێکی میلی یەو لە دیدەنییەکی دا چاوەمان پێ کەوت و وتی :

ناوم حەمە عەلی یەو باوکم ناوی اسماعیلەو نازناوی شیعرم وریایەو لە ساڵی ١٩٢٩دا لە شاری سلێمانی لە بنەماڵەیەکی هەژار هاتوومەتە دنیاوە ...

پلەی خوێندەواریم تەنیا قوتابخانەی سەرەتایی یەو ئەویشم لە قوتابخانەی - زانستی - شەو تەواو کردەوەو دەس بەردار بوونیشم لە خوێندن ئەگەڕێتەوە مەل هۆی هەژاری ..

لە بارەی شاعیرێتییەوە وتی :

هەر لە سەرەتای ژیانمەوە دۆستی شیعر بووم ... بە جۆرێك کە ئەتوانم بڵێم سۆزی شیعر بە جۆرێ هەستی سمی بووم لە ڕۆحم جیا نەدەبۆوە ...

لە پێشدا شیعرەکانی مامۆستا - مصطفی بەگی کوردی - و دواجار هەڵبەستە پاراوەکانی مامۆستا - گۆران - کاری تێ کردم و بە ئاشکرا پاڵی پێوە ئەنام بۆ دنیای شیعرو شیعر نووسین ... بە جۆرێك کە ئەتوانم بڵێم هەمو ئەو لێڵاوەی رامالی کە نیشتبوە سەر قەریحەو بەهرەم و توانیم شیعر بۆ خۆم بڵێم ... بەڵام کاتێ کە هەستم کرد بەوەی کە شاعیر ئەبێت شیعر بۆ جەماوەر بڵێت و هەستم کرد بەوەی ئەو شیعرەی کە خزمەتی زۆربەی زۆری جەماوەری نەکردبێت پێی ناوترێت شیعر ... بە شانازی یەوە ئەتوانم بڵێم کە توانیم ئەو ڕێبازە بگرمە بەر هەڵبەستەکانم و پێنووسەکەی دەستم بۆ خزمەتکردنی گەل و چینی زەحمەتکێش تەرخان بکەم و تا ئێستاش دوو دیوانی چاپکراوم پێشکەش بە خوێنەرانی بەرێز هەیە توانیویشمە لە ساڵی (١٩٧٢) لە یەکێتی نووسەراندا شارەفی بە ئەندام بوون وە بگرم ...

سەبارەت بە ئەرکی کۆمەڵایەتی شیعریش .. وتی :

شیعر تەنیا بریتی نیە لە کۆمەڵە وشەیەکی ڕێك و پێکی کێش و قافیەداری توێکڵاوی ... بەڵکو شیعر بریتی یە لە ناوەڕۆك ... بەو مەرجەی ئەو ناوەڕۆکە بەشێك بێت لە ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵانی زەحمەتکێش شیعر ئەبێ هەمیشە ڕووبەرووی کێشەی کۆمەڵاکەتی بوەستێتەو گیروگرفتە کۆمەڵایەتی یەکان لە هەر بارێکدابێ - ئابووری - سیاسی - شیعر توانای هەیە بیخاتە ڕوو ...

سەبارەت بە پرسیارێکیش دەربارەی شیعری میللی لە وەڵامدا وتی :

ئەو هەستە پیرۆزەی کە شاعیرانی میللی هەیانە لە ناو جەرگەی ئەو میللەتەوە هەڵقوڵاوە .. بە ئازارو ژانی ڕۆڵەکانی میللەت قاڵبوە ... شانبەشانی ئەوان لە خەباتدایە بۆ جوانتر کردنی ژیان ... لە شیعری میللی دا لایەنگری تەواوی هەموو ئەو ئەشکەنجەو ژانیان بەدی ئەکرێ ... هەروەها هەموو خۆشی و گەشی و هیوابەکیشیان ڕەنگ دەداتەوە ... هەروەها شاعیری میللی بە وشە وێنەی خەباتی گەلانی نازادی خوازانی هەموو جیهان دەکێشێ ...

منیش دەتوانم بڵێم وەك شاعیرێکی میللی توانیومە لەم ڕێبازەدا سۆزی خۆم دەربڕم و بیخەمە ڕوو ...

ئەدەبی جەنگ

کاتێ سەرکەوتن گەورە دەبێ

سوێند بە گیانی شەهیدان بە خوێنی گەشیان ..
سوێند بە هەڵهاتنی خوەری پیرۆز
بە بازووی چەنگاوەرانی مەرد
سوێند بەو خاکەی گوڵەگەنمی زێرینی لێ دەردێ
گوڵزاری خۆشەویستی یە ..
بەو ئاڵایەی لە ڕووناکی ئاسۆدا
دەشەکێتەوە ..
بەو چەکەی بە دەستمەوەیە ..
سوێند بەو ڕووبارەی ناگەڕێتەوە ..
بەسەر برینەکانادەپەرینەوە ...
بە تورەیی گوللەکانمان ...
ڕۆژی ڕووناکتر هەڵدێ و ...
ناگەڕێنەوە .

چیرۆك لە ئەدەبی جەنگ

لیرەوەری

[١]

ئەزی کچکۆك بووم لێ قەنج وا تێنە بیرا من ، دەم هاڤین بوو ، چاخێ درووناڤا دەخلودانی بوو ، ئەز دگەل بابێ خۆ چۆم مە فراڤینا پالا برە سەر زەڤێ ، بەرۆشەکە ساڤارێ دگەل سیتلەکە ماستی وبەر ملەکی پرتوا . ژ دوورڤە من کاکێ خۆ و مامێ خۆ چەند پالەکێت دی دگەل مەلوچنێ دیتن ئێکی ژوان دەستەکی درووێ ژمەرا بلند کر ..

ئەم گەهشتینە سەر زەڤێ بابێ من گۆتە وان وە قەوەت بت حەمووا تێکدا پشتا خۆ راکرو گۆتن : قەوەت خۆش سەر چاڤا تەزی فەوەت بت ، وی ژی لوان ڤەگەراند ، ولدۆرا خۆ هاتووچۆ قەڤدەکە گولیا زڤێرەر ' و ئێکەدی ژ وێڤەتر خرکر . دیارە گەلەك قەلافیز وگولی دبەر پێچکانەدا بوون - مەلو چنێ - کو خۆشکا من بوو ئەوێ ژی گەلەك گولی رێت بوونە زەڤێ . بابێ من هاتوچۆ وب دەنگەکی بلند وپڕ کین گۆتە وان :

دیارە هوون عەجەمن عەجەم ژی هۆسا مالێ خۆ نادروون ودبەر پێچکا ڤەنادەن ... ئەز هنگی ژ گوهدارا بووم چوو تێ نەگەمشتم .

[٢]

بەری چەند ساڵەکا ئەم چەند برادەر ل کازینۆیەکێ درونشتی بووین لوێڤەی ئەم چار بەرامبەری ئێك درونشتی بوون مێزەك دنیڤەکا وان دابوو دەستەکی بەرکێت دۆمینێ لەری دانای بوو دبارە دوو دووە دۆمینە دکرن دەنگێ ئێکی بلند بوو پوول هاڤێتنە سەر جادێ ورابوو .. مەگۆ دیارە ئەڤە لێك کەفتن ... من گوهێ خۆ ب سەر واندا شۆرکر ، بێ لسەر پێ یا گۆتە هەڤالێ خۆ ئەز چوو جارێت دی نابمە هەڤالێ تە تو وەکی عەجەما یاری دکەی شەش لبەر بێش دادنێی !! .

[٣]

دڤان هژدە مەهادا چیرۆك وسەر هاتی یێت بەری چەندەها ساڵی مە لبەر کۆچکێ ئاگرێ شەڤ رەشێت زڤستانێ گوهدارێ دکرن جاك تێنە بیرا من نەخاسمە دڤان شەڕێت دمایکێ یێ لەشکەرێ مەیێ سەرکەفتی دگەل لەشکەرێ بێ سەروبەرێ عەجەمی دکەت ..

تێتە بیرا من چاخێ چێرۆکبێژی دبەهرا بترا چێرۆکا دگوت : میرزا مەحەمەد پشتی چۆیە فەرەکە گران ودەرد وزەحمەت کێشای ، یان دەرمانێ چاڤێت بابێ خۆ ژچیایێ قاف ئینای یان ژی ئافا هێوانێ ئینای یان داخوازیا دلبەرا خۆ بجە ئینای وێزیکی باجێرێ بابێ خۆ بووی دەسەر باجێرەکی دا تێت دبینت چی دبینت : خەلکێ باژێری هێمن سبەیکێ رادبن دبینن چی ! ستێرێت ئەسمانا تێنە هژمارتن ، خیزێت چەما تێنە هژمارتن ، پەلگێت دارا تێنە هژمارتن ، لێ خیفەت و چادرێت لەشکەرێ شاهێ عەجەم نائێنە هژمارتن ، وێ دهاتین دڤێنە باجێری قوت بڕکەن میرزا مەحەمەد دنیڤەکا هەردوو لەشکەرادا رادوەستن و گورزێ خۆ دهژینت ، لەشکەرێ شاهێ عەجەم دبێژن ڤێ سبێ ئەڤە چی تەرزە سوارە ؟ هەکە ئەڤ سوارە پشتا مە بت ئەڤە مە باجێر قوت بڕکر . خەلکێ باژێری . دبێژن خودێ یو هەکە ئەڤ سوارە پشتا مە بت بەلکی ئەم ڤێ قەداین ژ خۆ دوور بێخین .

دهۆلا شەڕی لێ ددەت میرزا محەمەد دکەفتە پشتا باژێری وفرا لەشکەرێ شاهێ عەجەم دئینت ، ئەو ژوان دمینت یێ ژمالا خۆ نەهاتی ..

لسەرێ چیایێ سەربیلی و لبەرۆکێت شەڕی ل بسێتین و خەفاجیەو شۆش و دیزفۆل شەرێت نۆکە وشکە ستن و کوشتنا بەهەزارا ژ عەجەما بیرەوەریێت هنگی بەری بە دبلەکە سالا قەنج دئینە بیرا من ...

شەڕ کەر
خدرێ سلێمان خلیل
ژ بەرۆکا شۆش

Institut Kurde de Paris



گه‌شتێکی کار ... له‌قوتابخانه‌ی کاڕاو

(ئامادە کردنی : نووسینگه‌ی سلێمانی

له دیدەنی یەکدا بۆ بەشی هونەریی قوتابخانەی ناوەندی کاڕاو له سلێمانی ... چاومان بە یاریدەدەری بەشی هونەریی یە نە کاك ئازاد عمر رەزاو .. لێپرسراوانی لقە جۆربەجۆرەکانی بەشی هونەریی یەکە کەوتو لە گفتوگۆیەکدا کاك ئازاد وتی:

کارگە هونەریی یەکەی قوتابخانەی ناوەندی کاڕاو بریتی یە لە پێنج بەشی ... یەکەم - ئەرق و دۆس ... دووەم - ئارەبا ...

سێیەم : دارتاشی ... چوارەم : کانزا سازی - ٥ - رەسمی هەندەسی و ژمارەی گشتی قوتابی یەکانی هەموو بەشەکانیشی نزیکەی - ٩٤ - قوتابی دەبێ ... شایانی باسیشە کە قوتابی یان زیاتر تارەزووی ئەم ئیشانەی کارگە هونەریی یەکەی قوتابخانەکەیەو گەلێ جار لەبەر هۆگری بەم کارە هونەریی یانەوە وانەکانیان پشت گوێ دەخەن ... ئەم ئیشە هونەریی یانەش لە باشەرۆژدا قوتابی یان سوودی لێدەبێنن و دەتوانن بە مزی ئەم پیشەیە گوزەران بەرنە سەر ...

هەروەها وتی : ئەم بەشە هونەریی یە هەر پێنج لقەکەیەوە لە ساڵی (١٩٨٠ - ١٩٨١)دا کراوەتەوەو لە ساڵی (١٩٨١ - ١٩٨٢) قوتابی یانی تیادا وەرگیراوە ... قوتابی یانی هەر بەشێك لە بەشەکانی کارگەکە فێری بابەتەکانی ئەو بەشە دەکرێن کە تیادا کاردەکەن ... شایانی باسیشە لە رۆژی ١-٥-١٩٨٢دا بەشی هونەریی قوتابخانەکەمان لە پێشانگای - بەشەکانی هونەریی پیشەسازی - قوتابخانەکانی سلێمانی دا بەشداری کرد ... ئێستا لە سلێمانیدا پینج قوتابخانە تیادا دامەزراوە بەلام ئەمساڵ هەر (سێ) قوتابخانەیان بەشداری دەکات ئەوانەشی ئەم قوتابخانانەن: = قوتابخانەی ناوەندی ژین - کە قوتابخانەی کچانە - قوتابخانەی - کاوە - و - قوتابخانەی ناوەندی کاڕاو - هەر بابەتێك کە لە قوتابخانەکاندا دەفرۆشرێ قازانجەکەی دەکرێ بە دوو بەشەوە ... بەشێکی دەچێ بۆ - تەربییە - ی کەرەسەی خامی بەشە هونەریی یەکانی پێدەکرێت و بەشەکەی تریشیان بەر قوتابی یە زیرەکەکانی بەشەکان دەکەون ... دەبێ ئەوەشمان لە بیر نەچێ کە نرخدانانی هەموو بابەتەکانی پێشانگاکە لیژنەیەك دای دەنێ کە لە یاریدەدەری هونەریی بەشە هونەریی یەکەو لێپرسراوانی لقەکانی بەشەکەوە پێك هاتوەو بۆ مەبەستەش لە بابەت نرخ و نرخدانانەوە بلێتی تایبەتی ئامادە دەکرێ ... ئەنجا چاومان بە لێپرسراوی لقی دارتاشی مامۆستا عبداللە سەیید عبداللە کەوتو وتی لە بەر ئەوەیی قوتابخانەکە دوو دەرامە نەدەکرا کۆمەڵێ زۆر لە قوتابی یان لە بەشەکەدا وەربگرین ... لە بەر ئەوە هەر قوتابی یانی پۆلی یەکمان وەرگرت ... شەمەو یەك شەمەو پێنج شەمە قوتابی یانی بەشەکە ئیش دەکەن و پشوودانی نێوان وانەکاندا خێرا خۆیان دەکەن بە ورشەکەداو کاردەکەن و

قوتابی یان کەلێ شتی لە دارو تەختە دروستکراویان زۆر بە وردی دروست کردوەو ئەم بەرهەمانەشیان لە پێشانگای قوتابخانەکانی سلێمانی دا دەخرێنە بەرچاو ..

پاشی ئەوسا لەگەڵ لێپرسراوی بەشی کارەبادا .. خوشکە شادان محمد غفور کەوتینە گفتوگۆو وتی : لە لقی کارەبادا سێ دەستە قوتابی دەوام دەکەن و هەموو دەستەیەك بریتی یە لە - ١٦ - قوتابی و ئەم قوتابی یانە فێری هەموجۆرە دامەزراندنێکی کارەبایی دەبن ... هەروەها فێری ئەوەش دەبن کە خۆیان لە زیانەکانی کارەبا بپارێزن .. هەر دەستەیەك لەم سێ دەستەیەی پۆلەکە لە هەفتەیەکدا دوو وانەیان هەیەو هەردوو وانەکە لێك دەدرێن و ماوەکەی سەعات و نیوێك ئەخایەنێ ... و

باشترین قوتابی لقەکەش ئەم قوتابی یانەن : (طە ... رزگار ... ئاراز)

هەروەها چاومان بە لێپرسراوی بەشی - تەرق و دۆس - خوشکە ماجدە محمد رحیم کەوتو لە گفتوگۆیەکدا وتی : ئەم بەشەش لەگەڵ بەشەکانی تردا کراوەتەوەو هەرجاری دوو - وانە - لە سەریەك دەخوێنن و ماوەی هەردوو وانەکە سەعات و نیوێك ئەخایەنێ ... قوتابی یانی بەشەکە زۆربەیان هۆگری کارەکەیانن و بە دلسۆزی یەوە ئیشی لێ ئەکەن ... و گەلێ لە قوتابی یانی لقەکە چاوەڕوانی پاشەرۆژی روونا کیان لێدەکرێ لەم بارەیەوەو هەندێیان ئەوەندە هۆگری کارەکەیانن لە ماوەی دەوامیشیان وەکو ئەوە بەشانەیەو بەلام ئەم بەشە لەوانی تر گرنگ ترەو کە کەرەسەی جوان و رێك و پێك لە مسی زەردو مسی سوور دروست دەکات و باشترین قوتابی بەشەکەش ئەم برایانەن : یاسین جەلال و رەسوول بەکر ئیبراهیم ...

پاش ئەوسا چاومان بە لێپرسراوی لقی ئاسنگەری .. مامۆستا ئازاد حەداد کەوتو وتی : ئەم بەشە لەگەڵ بەشەکانی تری ورشە هونەریی یەی قوتابخانەکەدا کراوەتەوەو دەوامیشیان هەروەکو ئەوانەو جاری وا هەیە لە دەرسی شاغیردا قوتابی یان بە دلسۆزی یەوە دێن و لە ورشەکەدا کار دەکەن ... بە شێوەیەکی گشتی باشترین

بڕوانە ل ٧

کرێکاران به‌هره‌ی کار و به‌هره‌ی هونه‌ر

تیپی هونەری میللی یەکێتی نەقابەکانی کرێکارانی پارێزگای سلێمانی یەکێکەلەو تیپانەی کە بەبێ رەوەرەوە خۆی دارەدارەی بۆخۆی کردو خۆی پێگەیاند ... ! ئەم خۆ پێگەیاندنەشی (ئاکبێ یان کۆمەل) هەر لەناو ئێمەدا ئاوڕی ڕێزونرخداری لێ نادرێتەوە چونکە لەناو وەتانی جیهاندا ئەمە بە گرانترین هەونی ژیان و بەرەوپێشەوە چوونداەنرێت ...

هەر چۆنێك بێت ئەم تیپە سەرەتایەکی خۆی هەیەو لێرە بەدواوە سەرۆکی تیپەکەمان بەرەوپێشدەڕۆیشت و پشت گیری یە چاکیان دەکرد بە تایبەت لە لایەن دلسۆزانی بەشە سەرۆکایەتی کرێکارانەوە . ئەوەی شایانی باسە تیپی ئێستا توانیومانە ٣٢ - بەرهەمی تەلەفزیۆنی لە بەغداو کرکوك تۆمار بکەو دوا بەرهەممان لە ساڵی ١٩٧٩دا بە ناونیشانی (بڕیار) لە دانانی مامۆستا طە بابان و ئامادە کردنی بۆ تەلەفزیۆن لە لایەن اسماعیل بەرزنجی و دەرهێنانی کاك عادل عبداللە بۆ تەلەفزیۆن تۆمار کرد .

ژەنین و هەڵپەرکێ و ئاهەنگ گێڕان و رۆژ لە دوای رۆژ تیپەکەمان بەرەوپێشدەڕۆیشت و پشت گیری یە چاکیان دەکرد بە تایبەت لە لایەن دلسۆزانی بەشە سەرۆکایەتی کرێکارانەوە . ئەوەی شایانی باسە تیپی ئێستا توانیومانە ٣٢ - بەرهەمی تەلەفزیۆنی لە بەغداو کرکوك تۆمار بکەو دوا بەرهەممان لە ساڵی ١٩٧٩دا بە ناونیشانی (بڕیار) لە دانانی مامۆستا طە بابان و ئامادە کردنی بۆ تەلەفزیۆن لە لایەن اسماعیل بەرزنجی و دەرهێنانی کاك عادل عبداللە بۆ تەلەفزیۆن تۆمار کرد .

● هەڵویستی کۆمەڵە کوردێکی هونەرمەند :

لە راستیدا نەك هەر هونەرمەندان بەلکو خەڵکە رەشۆکی یەکەشی هەر لە سەرەتاوە هەستی بە دیاردەی نەبوونی ئافرەتی سەرشانۆ کردوە ... ئەمەش وەنەبێت هەروا مابێتەوە بەلکو زەوالی هەر بۆ گەیشتوە ... نمونەی ئەمەشمان لای هونەرمەند ئەختەر کریم دەست دەکەوێت ... دیارە هاتنە سەرشانۆیی و بەردەوام بوونی بەبێ کۆسپ و تەنگەچەلەمە نەبووە ... ئەوەتا خۆی دەڵێ : ئاشکرایە کە دەمێکە لە کۆڕی هونەری شانۆدا ئیش دەکەم ... ئەمەش نەك هەر بە تەنها لە تیپەکەی خۆمان دا بەلکو لەگەڵ زوربەی رۆڵی تیپەکانی تری شاری سلێمانی دا هاوکاریم کردوەو لەم بوارەشدا زۆر تەعنەو قسەی راستەو خۆو پاشە ملەم ئاراستە کراوە لە لایەن ئەوانەوە کە لە شانۆ نەگەیشتوون و وستویانە لە سەر ئەم رێگە پیرۆزەم لابدەن کە خزمەتی هونەری کوردی پێدەکەم ... ، بەلام وەك پۆلا خۆم راگرت و ئەوەی کە ویستم هێنامەدی بەوەی ئێستا زوربەی تیپە هونەری یەکان ئافرەت هاوبەشی تیادەکەن و هەر لەم رێگاوە توانیمان ئەوە ئاشکرا بکەین کە هونەرمەند لای رۆشنبیرو نوسەرو ئەدیب و تێگەیشتوان مۆمێکە رێگەی تاریك روناك دەکاتەوەو لەبەر ئەوە من خزمەتی هونەری شانۆم حستوەتە پێش هەموو شتێکەوە .

هونەرمەندێکی بێناز :-

عباسی ژاژەیی بەڕێوەبەرو دەرهێنەرو ئەکتەرێکی ئەو تیپەیە کە وتمان بێرەوەرەوە دارەدارەی بۆ خۆی کردوەو ئەم هونەرمەندەشمان یەکێکە لەو بێنازانەی تیپەکەیان کە توانیویەتی و لەمەودواش دەتوانێ زیاتر بچێتە ناو دڵودەرونی بینەرانەوە بە بەلگەی رەچاوکردنی لایەنی هونەری تیایدا کە ئەمەش بە چاکی لە شانۆگەری بڕیاردا وەدەر دەکەوێ ... جا کاکی ژاژەیی دەربارەی هەڵبژاردنی دەقی شانۆگەریە-

بڕوانە ل : ٧



بەدەوروونانی ...

له نێوان هەردوو ڕژێمەکەی شاهنشاو "روح اللە !!" دا

● دریژەدادری ناکەین و بەکورتی ئەڵێین : بە چ شێوەیێ ئەتوانین بەراورد لە نێوان (شۆڕشەسپی !) یەکەی (حەمە رەزا) و (شۆڕشە ئیسلامی !) یەکەی آیة اللەروح اللە (حەمە خومەینی)دا بکەین .. ؟

● شۆڕشە سپی یەکە ، بە هیچ چەشنێ نە یتوانی سامانی لە بن نەهاتووی نێران بەکار بێنێ و دەوڵەمەند تا دەهات دەوڵەمەندترو هەژار تا دەهاتن هەژارتر دەبوون . رێژەی بێکاری و هەڵاوسانی دارایی و پەککەوتنی میزانی مەدفوعات تا دەهات بەرەو خراپترو بەرەو نرمی شۆڕنەبوەوە .. دراوێکی یەجگار فرە ، بۆ خۆ چەکدار کردن تەرخان کرابوو .. ئێران بە سیاسەتی زۆرە ملێی (بە ئەمەریکاکردن) بەسترا بوو .. نەتەوە جیاجیاکانی ئێران ، بە کوردو بلوچ و تازەری و عەرەبەوە لە ژێر باری گرانی کوشتن و بڕین و برسێتی و تۆقاندن و پێشێل کردنی مافی رەوایاندا ئەیانناڵاند . ئەلقە لە گوێی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم جلەوی کاریان گرتبوە دەست .. ئەم بارە ناهەموارەش موژدەی سەرهەڵدانی رژێمێکی نوێی ئەهێنا ، تاکو :

ئێران لە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزمی جیهانی دەربکات و مافی سیاسی هاونیشتمانیان دابین بکات و (خودموختاری) ببەخشێتەگەلانی ئێران و بەرو بووم و داهاتی فرەی وڵات ، بۆ بنیادنان تەرخان بکرێت و واز لە خۆچەکدار کردن بهێنرێت .. !

بەڵێ : هەزارەها نیشانەی سەوزی ئەو شۆڕشە رۆژ دوای رۆژ خۆی ئەنواند ، وای لێهات ئیمپریالیزمی جیهانی بکەوێتە خۆی و (جێگری) بۆ شاهنشا بدۆزێتەوە ، ئەو جێگرەشیاوەیش تەنیا لە خودی (خومەینی)دا خۆی ئەخستەروو .. ! خومەینی هات و مەبەستێکی تازەی ئیمپریالیزمی بەجێ هێنا .. ئەمیش بە : هەڵمژینی گیانی تۆڵەو ڕقی شۆرشگێڕانەو پیرۆزی گەلی ئێران و بە دامەزراندنی حوکمێکی ساختە کارانەی ئایین و بە بەرپاکردنی هەرای تایفەگەری و دەرفەتیش بۆرژێمی خومەینی خوشتر ، بکات ، تا بە ناوی ئیسلامەوە ئەوش دەس بەسەر وڵاتانی تری ئیسلامیدا بگرێت .. لە نێوئێرانیشا هەر بە ناوی ئایین و ئوینبازی یەوە ، هەموو جۆرەروخسارێکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بنە بڕ بکات .. ئینجا ڕو بە ڕووی تەجرەبەی شۆرشگێڕانەی عیراقیش بێتەوەو دەوری ئەم وڵاتە لە رزگارکردنی فەلەستینا کەم بکاتەوە ، یا هەر بە تەواوی پەکی بخات .. !

● بەڵێ : ئەبوایە جوڵانەوەی (خومەینیزم !) ئەم دەورە بگێڕێت .. ئەبوایە : لە جیاتی دیموکراتیەت سیستەمێکی گەندەڵی دیکتاتۆریەت بێتە کایەوە .. ئەبوایە : لە بری دڵدانەوەی گەلانی ئێران و مافی ڕەوایان لە (خودموختاری)دا ئەدرێت و پێشێل بکرێت .. ئەبوایە : لە ناستی تابوریشدا ئەم رژێمە هیچ جۆرە بەرنامەیەکی بەدەستەوە نەبێت .. ئەبوایە : لە جیاتی (٤) ملیۆن بێکاری وەختی حەمە رەزاشا ، ببێ بە (ملیۆن بێکاری ژێر سایەی رژێمی شلۆقی خومەینی .. ئەبوایە : (١) ملیۆن کەسیش ئێران بەجێ بهێڵن و لەم دۆزەخە رابکەن .. ! - پەرەبسێنن و نەرخیش بە نرخی (پیاز) ساتوسەرای لەسەر بکرێت .. باری رۆشنبیری ئێران - هەمدیس ئەبوایە ! - لە نێو قورولیناوی سەدە تاریکەکا بچەقێت .. ئەبوایەو .. ئەبوایەو .. ئەبوایەو .. و .. و .. و ...!

● جاران ئەگەر رژێمی حەمە رەزاشا لە گەلێ رێگای دیارەوە ، چاوی تەماحی بڕیبوە ئەم وڵاتەی ئێمە ، ئەوا رژێمە تازەکەی (تاران)و لەسەر زاری (خومەینی)و (خامەنئی) ، هەر زۆر بە ئاشکرایی ئەیەوێ ، ئەم خاکەی ئێمە قووت بداتو بیکا بە بەشێ لە (ئیمپریاتۆریەتەکەی)خۆی .. !

● خۆ گەر بێت نەختێ بە وردی خۆت بەم (بەراوردە) سەیرە خەریك بکەیت ، بێگومان ئەگەینە گەلێ (دەرەنجامی !) واوە ، کە لێرەدا زۆر بە کورتی لێی دواین .. !؟ شریتی کارەساتەکانی خومەینی بنی نایەت .. !

هاوکاری له یانەی لاوانی هەولێر

لە ئێوارەیەکی بەهاری ئەمساڵدا ، وەك بە سەرگردنەوەیەکی رۆژنامە نووسی بەناو گەنجەکانماندا ، رێمان کەوتە یانەی هونەری لاوان کەسەر بە یەکێتی گشتی لاوانی عیراق لقی هەولێرە ، بۆ ئەوەی لە چۆنیەتی کارو کردەوەو ئیش و بەرهەمەکانیان شارەزا بین ...

ناظم دلبەند

نووسینگەی هەولێر

لەم ئانو ساتەدا بەرێز رفیق عبدالرحمن لێپرسراوی یانەکە دەربارەی چۆنیەتی وەرگرتنی ئەندامان لەو یانەیەدا ووتی :-

ئەم یانەیە سەر بە یەکێتی گشتی لاوانی عیراق لقی هەولێرە ، مەرجی وەرگرتنی ئەم لاوانە دەبێت تەمەنیان لە ١٨ ساڵی یەوە تا ٤٠ ساڵی بێت ، ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر هەندێك لایەن کە هەندێك جار قوتابیانی ئامادەیی و دوا ناوەندی وەر دەگرین ، چونکە لەم دوایی یەدا رێکخراوی لاوان بڕیاری لە سەر ئەم بڕگەیەدا ، ئەویش بۆ خزمەتگوزاری زیاتری لاوانە ، توانیومانە تا ئێستا گەلێك هەنگاوی پێروز لەم رووەوە بهاوێژین بۆ یەکگرتنەوەو بەرەپێدان بە ئارەزوری لاوان ، لە هەموو رووێکەوە کە سوود بەخش بێت و گرنگی و بایەخدان بەرێت بە بەهرەکانیان ، بۆ ئەم مەبەستە ئەو لقانەی کە لە یانەکە هەیە هەموویان راهێنەری پسپۆریان هەیە ، لە هەمووی گرنگتر قوتابیانی زانکوی صلاح الدین ئێستاکە پەیتا ، پەیتا روو لە یانەکە دەکەن و سوود لە بەهرەکانیان وەردەگیرێ ، ئاواتەخوازیشین ، کە هەمیشە بتوانین بەهرەی گەنجان پەرەپێ بدەین و ئارەزووەکانیان بهێنینە دی ئینجا بەرێز هونەرمەند (ئەحمەد خضر) بەرێوەبەری هونەری لە یانەکە دەربارەی ئەو لقە هونەری یانەی کە هەیە قسەی بۆ کردین وتی :-

لە یانەکەدا چەند بەشێکی هونەریمان هەیە لەمانە :-

١ - گۆرانی
٢ - موسیقا
٣ - هونەری تەشکیلی
٤ - هونەری هەڵپەرکێ

وەك کاك رفیق ووتی ، ئەم بەشانە هەریەکەو هونەرمەندێك بەپێی پسپۆرایەتی خۆی سەرپەرشتی دەکات ، ساڵی بار توانیمان بەشداری بکەین بە چەند تابلۆیەکی هەڵپەرکێی کوردی لە میهرەجانی بەهار لە موصل کە جێگەی سەرسوڕمانی بینەران بوو لە رووی گۆرانی و مۆسیقاشەوە بەردەوامین لە پێگەباندنی لاوان و ژمارەیەکی چاکمان وەبەرهەم هێناوە ، دەتوانین پاش ماوەیەکی کەم دەستنیشانی تیپێکی تازە پێگەیشتوو بکەین ، دەربارەی هونەری تەشکیلی ، هۆڵێکی فراوانمان نەرخان کردووە بۆ نیگارکێشان و ئەو لاوانەی کە تیای ئیش دەکەن هەموویان دەتوانم بڵێم شوێنەوارێکی

Institut kurde de Paris

کاروانی شۆڕش و سەربەخۆیی عێراق سەرکەوتووە و ئەنجامی پیلانەکانی دوژمنان و ناحەزان هەرتێک شکانە

سکرتێری پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان :

— کاروانی شۆڕش و سەربەخۆیی عیراق سەرکەوتووە و ئەنجامی پیلانەکانی دوژمنان و ناحەزان هەر تێک شکانە .

— پشتگیری تەواوی هەڵوێستی مەردانەی سەرکردایەتی شۆڕش دەکەین لە جەنگی پاراستن و سەربەرزی و سەربەستی عیراقدا .

— نەتەوەی کورد سەربازی پاراستنی سەربەستی وڵات و یەکێتی گەلەکەمانە .

بەڕێز مامۆستا عبدالستار طاهر شریف سکرتێری پارتی شۆڕشگێڕی کوردستان دەربارەی جەنگی ڕەوانی وڵاتەکەمان دژی ڕژێمی خومەینی خوێنڕێژ قسەی کردو لە وەڵامی چەند پرسیارێکی (هاوکاری)دا ڕای خۆی بەرامبەر باری ئێستای جەنگ و هەڵوێستی ڕاستی وڵاتی عیراق دەربڕی ، ئەمەی لای خوارەوەش دەقی تەواوی ئەو گفتوگۆیەیە کە لە گەڵیا کرا :

پرسیارەکانی هاوکاری :

١ — بێداگرتنی ڕژێمی ئێران لەسەر بەردەوامی شەڕچۆن هەلدەسەنگێنن .

٢ — بێگومان ئەوە دەزانن کە عیراق بە پێی ئەو ڕێبازە سەربەخۆیی خوازەی ڕەفزی کلکایەتی دەست وەردانە ناو ئاری ناوخۆ دەکا تا لەم زروفە ناسکەدا ڕووبەڕووی کەلێ پیلان دەبێ دژی ئەم سیاسەتەی لەبارەی سەرنجی خۆتان چون ڕووناکی دەخەنە سەر ئەم بارە ؟

٣ — چۆن هەڵوێستی نەتەوەی کورد لە کوردستانی عیراق بەرابەر بەم بارەی ئێستا دەبینن پێشبینیتان بۆ پاشەڕۆژی چیە ؟

● لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەدا ، ئایا ئەبێ ڕژێمی ئێران بۆ سوورە لەسەر بەردەوام بوونی شەڕ لە نێوان ئێران و عێراقدا .. ئەلێین بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە بە ووردی ڕژێمی ئێران شیی بکەینەوەو بزانین ڕژێمی ئاخوندەکانی ئێران چ جۆرە ڕژێمێکەو لەسەر چ بناغەیێك دامەزراوە .

گۆمان لەوەدا نیە ئەو ڕژێمانەی لەسەر بنەڕەتی جەماوەرو بۆ جەماوەر هاتبێتە کایەوەو مەبەستی خزمەتگوزاری گەلەکەی بێ و ئاوەدان کردنەوەی وڵاتەکەی مەبەست بێ ، ئەو جۆرە ڕژێمانە لە گەلەوە هەڵقووڵاوون و بۆ گەلەکەیان کۆشەش ئەکەن ، بە پێچەوانەش ئەو ڕژێمانەی بە زبری ئاگرو ئاسن دێنە سەر حوکم ، وەیان بە فرتو فێڵ و درۆو دەلەسە خۆیان ئەگەبینە سەر حوکم وەك تاقمە درۆزنەکەی خومەینی ، ئەم جۆرە ڕژێمانە بەڕژەوەندیان لە دروستکردنی گیروگرفتە بۆ وڵاتەکەیان ، بۆ ئەوەی لە ژێر سێبەری ئەو گیروگرفتانە خۆیان بشارنەوە ... بابەتی یەکەم ، کەواتە ئەو ڕژێمەی بەڕاستی نوێنەری گەلەکەیەتی ئەوا هەمیشە دژی نانەوەی ئاژاوەو دروستکردنی شەڕە چ لە ناوخۆی وەڵاتەکەیان چ لەگەڵ دراوسێکانیان ، ئەمەش ئاشکرایە زۆر دوورە لە ڕەوشتی ئاخوندەکانی تاران و قوم .

گەلانی ئێران بە فارس و کوردو عەرەب و ئازەریەکان و بلووشەکانەوە ئەو شۆڕشە فراوانە گەلیانەیان لە لایەن چەند عەمامە بەسەرێکەوە دزرا لەسەرووی هەمووبانەوە خومەینی خوێنمژی گەلانی ئێران ، ئەوەبوو لە ئەنجامدادەرکەوت کەوا ئەم نۆکەرە گەورەیەی ئیمپریالیزمی ئەمریکی چ قۆڵبڕێکی لێدەرچوو وە بوە هۆی کوشتنی هەزارەها خەباتکەرو تێکۆشەرانی گەلانی ئێران و چۆن گۆڕەپانی خەباتی ئێرانی نوقم کرد بو خوێنی ئاڵی ڕۆڵە بە جەرگەکانی گەلانی کوردو عەرەب و تا ئەگا بە شۆڕشگێڕە فارسەکانیش .

ئەم جۆرە ڕژێمانە بەردەوامی شەڕو نەکۆژانەوەی لەبەرژەوەندیانە هەر بۆیە ڕژێمی خومەینی ڕەگەز پەرست بەردەوامە لە بێداگرتنی لەسەر بەردەوامبوونی شەڕی نێوان ئێران و عێراقیان ئەکرد جگە لە وەفدی عێراقی ئەبێ ... ئەمە ڕاستیێکەو وەڵامی ئێمە ئە داتەوە ، کەواتە مەسەلەکە پەیوەندی بە سیاسەتی دەوڵەتە گەورەکانەوە هەیە ، یان ئەبێ لەگەڵ ئەملا بین وەیان ئەبێ لەگەڵ شەولا بین خۆ ئەگەر لەگەڵ هیچلادا نەبی ئەوا ئەم جۆرە کۆسپانەت بۆ دروست ئەکرێ ... لەوانەیە گەلێ کەس هەبن ڕایان وەك من بێ لەسەر ئەم جۆرە مەوزوعانە بەڵام جورئەتی دەربڕینی ئەم ڕایەیان نیە لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکان .

● دەربارەی وەڵامدانەوەی پرسیاری سێیەم ، ئاشکرایە گەلی یوردمان لە کوردستانی عێراق دوای خەباتێکی دوورو درێژی شادبوو بە وەدەستهینانی مافی نەتەوایەتی ڕەوای خۆی ئەویش بە دانانی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە عێراق بە مافی ڕەوای نەتەوایتی گەلی کورد لەژێر چوارچێوەی ئۆتۆنومی کوردستان ... گۆمان لەوەدا نیە کوردستانی عێراق تەنها پارچەی کوردستانە دانەنرابێ بە مافی نەتەوایەتی گەلەکەس گەلی کوردی خۆشەویستمان ، لە بەشەکانی تری کوردستان گەلی کوردمان بێبەشن لە هەموو جۆرە مافێکی نەتەوایەتی بۆ نموونە گەلی کوردمان لە کوردستانی ئێران کە ژمارەی دانشتوانی زیاتر لە شەش ملیونە لە زەمانی حەمە ڕەزا شای گۆرکراو لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی بێ بەش بوون ، تەنانەت دیهاتەکانی کوردستانی ئێران ئاوو کارەبایان نەبوو . خۆ زوربەی زۆرپان نەخوێندەوارو هەزارەها جۆرە نەخۆشیش سەری ژەندبووە سەریان .

دوای سەرکەوتنی شورشی گەلانی ئێران ساڵی ١٩٧٩ گەلی کوردمانیش چاوەڕوانی سەرکەوتنی شۆرشەکەی ئەکرد بۆ ئەوەی ئەنجامی خوینڕشتەکانی بدرێتە دەستی ، بەڵام ئەوەبوو ڕژێمی خومەینی دوای دزینی شۆرشەکە ئاڵای ئەڵاچۆکردنی گەلی کوردی هەڵگرت و بە ئاگرو ئاسن سێ ساڵە خەریکی دامرکاندنەوەی شۆڕشی گەلی کوردە لە کوردستانی ئێران و زیاتر لە بیست هەزار لاو ڕۆڵەی گەلی کوردمان شەهیدی ڕێبازی ڕزگاریخوازی گەلەکەیان .

لە سوریاش زیاتر لەنیو ملیۆن کورد لە ناوچەی جەزیرە وشوێنەکانی تری وڵاتەکەیان دەربەدەر کراون ، ڕژێمی حافظ اسد دەساڵ زیاترە خەریکی لەناودانی کوردەکانە لەسوریا ، ڕژێمی سورپای شۆڤینی بە وا بیر ئەکەنەوە کە لەکاتی ڕاگرتنی شەڕەکە کۆتایی بەوان دێت و گەلانی ئێران حساباتی خۆیان لەگەلیاندا یەك لا ئەکەنەوە .

دەربارەی پرسیاری دووەم ئاشکرایە عێراق ڕژێمێکی نەتەوایەتی و سۆشیالیستی پێشکەوتنخوازەو ڕژێمی عیراق ڕژێمێکی بێلایەنە ، بەو مانایەی دژی ئیمپریالیزمەو لەگەڵ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلانی جیهانە ، دژی ئیمپریالیزمەو دۆستی وڵاتە سۆشیالیستەکان ، عێراق بەم ڕێبازەی گرتوویەتی کلکی هیچ هێزێکی گەورە نیە لە جیهاندا ، بەردەوام بوو لەسەر سیاسەتی بێلایەنی و بەردەوامبوون لەسەر ڕێبازی تایبەتی بە عێراق ، ڕێبازێکی هاسان نیە بەتایبەتی لەم قۆناغەدا کە بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلان پێی دا تێپەردەبێ ... ئەم جۆرە ڕێبازانە گەلی کۆسپ و تەگەرە بۆ وڵاتە تازە ڕزگاربووەکان لە ژێر چنگی ئیمپریالیزم دروست ئەکا ، بۆ بەڵگە لە ساڵی ١٩٧٥ . لەسەردانێکمدا بۆ هانۆی ، پایتەختی فیتنام لە دانیشتنێکدا لەگەڵ خەباتکەری فیتنامی بە ناوبانگ « جیاب » ئەم شکاتەی لە هەردوو وڵاتانی سۆڤیات و چین ئەکردو ئەیووت دوستانمان دوای سەرکەوتنی شۆڕشەکەمان شۆڕشی فیتنامی ناهێڵن بەسەربەخۆیی وڵاتەکەمان بەڕێوەبەرین ، ئەوەبو دوای چەند ساڵێك ئەم ڕاستیە ئاشکرابوو دوای پەلاماردانەکەی « چین » بۆ سەر فیتنام .

گۆمان لەوەدا نیە یەکێ لە مەهانەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکی بە عێراقی ئەگرێ و ئاژاوەو شەڕی بۆ دروستەکا ، لەگەڵ بەراستی تێهەڵنەچوونی یەکیتی سوفێتیش بۆ ڕاگرتنی شەڕی نێوان عێراق و ئێران ئەگەڕێتەوە سیاسەتی عێراقی بێلایەن و ماوە نەوانی بە دەستتێوەوەردانی سیاسەتی ناوخۆی عێراق . وە ئەم جۆرە بۆچوونەمان لای هەندێ دوستان لەوانەیە زۆر گران بێ ، بەڵام ئەمە ئەنجامی تاقیکردنەوەی تایبەتی کەسایەتی خۆمەو گەیشتوومەتە ئەم باوەڕە ... خۆ لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی ئاشتی جیهانی لە ٢٣ ـ ٢٥ی نیسانی ١٩٨٢ لە شاری « نیودلهی » لە هندستان زیاتر لە نوینەرانی ئەنجومەنەکانی ئاشتی لە « ٦٠ » شەست دەوڵەت تیایا بەشداربووبوون باسی هەموو شتێکیان کرد تەنها باسی شەڕی نێوان ئێران و عێراقیان نەکرد جگە لە وەفدی عێراقی ئەبێ ... ئەمە ڕاستیێکەو وەڵامی ئێمە ئە داتەوە ، کەواتە مەسەلەکە پەیوەندی بە سیاسەتی دەوڵەتە گەورەکانەوە هەیە ، یان ئەبێ لەگەڵ ئەملا بین وەیان ئەبێ لەگەڵ شەولا بین خۆ ئەگەر لەگەڵ هیچلادا نەبی ئەوا ئەم جۆرە کۆسپانەت بۆ دروست ئەکرێ ... لەوانەیە گەلێ کەس هەبن ڕایان وەك من بێ لەسەر ئەم جۆرە مەوزوعانە بەڵام جورئەتی دەربڕینی ئەم ڕایەیان نیە لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکان .

● دەربارەی وەڵامدانەوەی پرسیاری سێیەم ، ئاشکرایە گەلی یوردمان لە کوردستانی عێراق دوای خەباتێکی دوورو درێژی شادبوو بە وەدەستهینانی مافی نەتەوایەتی ڕەوای خۆی ئەویش بە دانانی پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست لە عێراق بە مافی ڕەوای نەتەوایتی گەلی کورد لەژێر چوارچێوەی ئۆتۆنومی کوردستان ... گۆمان لەوەدا نیە کوردستانی عێراق تەنها پارچەی کوردستانە دانەنرابێ بە مافی نەتەوایەتی گەلەکەس گەلی کوردی خۆشەویستمان ، لە بەشەکانی تری کوردستان گەلی کوردمان بێبەشن لە هەموو جۆرە مافێکی نەتەوایەتی بۆ نموونە گەلی کوردمان لە کوردستانی ئێران کە ژمارەی دانشتوانی زیاتر لە شەش ملیونە لە زەمانی حەمە ڕەزا شای گۆرکراو لە هەموو مافێکی نەتەوایەتی بێ بەش بوون ، تەنانەت دیهاتەکانی کوردستانی ئێران ئاوو کارەبایان نەبوو . خۆ زوربەی زۆرپان نەخوێندەوارو هەزارەها جۆرە نەخۆشیش سەری ژەندبووە سەریان .

دوای سەرکەوتنی شورشی گەلانی ئێران ساڵی ١٩٧٩ گەلی کوردمانیش چاوەڕوانی سەرکەوتنی شۆرشەکەی ئەکرد بۆ ئەوەی ئەنجامی خوینڕشتەکانی بدرێتە دەستی ، بەڵام ئەوەبوو ڕژێمی خومەینی دوای دزینی شۆرشەکە ئاڵای ئەڵاچۆکردنی گەلی کوردی هەڵگرت و بە ئاگرو ئاسن سێ ساڵە خەریکی دامرکاندنەوەی شۆڕشی گەلی کوردە لە کوردستانی ئێران و زیاتر لە بیست هەزار لاو ڕۆڵەی گەلی کوردمان شەهیدی ڕێبازی ڕزگاریخوازی گەلەکەیان .

لە سوریاش زیاتر لەنیو ملیۆن کورد لە ناوچەی جەزیرە وشوێنەکانی تری وڵاتەکەیان دەربەدەر کراون ، ڕژێمی حافظ اسد دەساڵ زیاترە خەریکی لەناودانی کوردەکانە لەسوریا ، ڕژێمی سورپای شۆڤینی بە

هیچ جۆرێك دانانی بە بوونی گەلی کورد چ جای دانان بە مافی ڕەوای نەتەوایەتیان .

کەواتە تەنها پارچەی کوردستان کە گەلی کورد تیایا حەساوەتەوە کوردستانی عێراقە ... ئەگەر تەنها حیسابێك بۆ ڕژێمی خومەینی بکرێ کە دژی گەلی کوردە لەکوردستانی ئێران ئەویش تەبیعەتی ڕژێمەکەیە کە ڕژێمێکی ڕەگەزپەرستی فارسیە وەیان ئەلقەی لە گژی ئیمپریالیزمە ، وەیان تەنها حیسابێك بۆ ڕژێمی حافظ ئەسەد بکرێ کە دژی گەلی کوردە لەسوریا لەبەر ئەوەی نۆکەری ئیمپریالیزمە وەیان پیاوی خومەینییە .. ئەبێ چ حیسابێك بۆ دوو هەتیوەکانی بارزانی بکرێ کە چوونەتە باوەشی ڕژێمی خومەینی و چەکیان هەلگر تووە دژی شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی ئێران ؟

وەیان ئەبێ چ حیسابێك بۆ جەلال تالەبانی بکرێ کە بۆتە پیاوی حافظ ئەسەدو بێگانەو خەرییکی ئاژاوەنانەوەیە لە کوردستانی عێراق ... لەو کاتەی جەندرمەکانی خومەینی وحەرەسەکانی خومەینی زگ و سنگی ئافرەتانی کوردستانی ئێرانیان بە سونگی دانەدڕی ناموسی کوردیان نەبردو ئا لەو کاتە جەلال تالەبانی نۆکەر بروسکەی پیروزبایی بۆ « زەعیمی مستضعفین » خومەینی لێ ئەداو پیروزبایی لێ ئەکرد ، کەوا خوێن مژی کورد خوو مەینی « زەعیمی چەوساوەکانە » لەسەر زەوی ئەم بروسکەیەش لەیەکێ لە ژمارەکانی ڕۆژنامەکەی پارتە شڕەکە « الشراره » بڵاوکراوەتەوە ئەوەی چاوی پێ نەکەوتووە لەوانەیە هەوڵبدا چاوی پێ بکەوێ ، بۆ ئەوەی دڵنیا بێ کەوا بوختانی پێدا ناکەین ... خۆ ئەوانەی لاینگری جەلال ئەدەن بۆ ئەلاچۆکردنی کورد لە کوردستانی ئێران ئەوا ئەو ڕێبازە خیانەتکاریە هەڕپڕۆژیان بێ .

تاقیکردنەوەی حوکمی زاتی لە کوردستانی عێراق کەواتە تەنها تاقیکردنەوەیە لە ناوچەکەدا ، پێویستە لەسەرمان بەهەموو هەوڵی چەسپاندن و سەرکەوتنی بین نەك لاوازکردن و لەناوبردنی .

ئەم تاقیکرونەوەیە ئەگەر کەم و کورتیێکی هەبێ پێویستە لەسەرمان بەهاریکاری لەگەڵ پارتی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست چارەسەریان بکەین و ڕێگە نەدەین بە نۆکەرانی ئیمپریالیزم ئیستغلالی کەموکورتیەکانی بکەن و ئاژاوە دروست بکەن لە کوردستانی عێراق .

ئیمرو زیاتر لە هەموو کاتێکی پێشوتر ئیمپریالیزمی ئەمریکی و ڕژێمی ڕەگەزپەرستی ئێران و ڕژێمی نوکەری حافظ ئەسەد لە سوریا هەوڵئەدەن بوود لە بەردەوامبوونی شەڕی نێوان و عێراق و ئێران وەربکرن بۆ نانەوەی ئاژاوە لە کوردستانی عێراق دو ڕۆژی تاقیکردنەوەی حوکمی زاتی بەرەو مەترس و ڕەشبینی بەرن ... بەڵام پێویستە لەسەر هێزە نیشتمانپەروەرەکانی کوردشان و ڕۆڵە دلسوزەکانی کوردستان و هەموو نیشتمان پەروەرێك لەم ڕووەوە لەجاران وریاتر بێ و ماوە نەدەن بە نۆکەرانی ئیمپریالیزم لە نانەوەی ئاژادە لە وڵاتەکەیاندا ، لە هەمان کاتدا هاریکاری لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش بکەن بۆ لەناوبردنی هەموو ئەو کەموکورتیانەی جێگای ئیستغلال کردنی دوژمنان .

تاقیکردنەوەی ئۆتۆنۆمی کوردستان لە کوردستانی عێراق جێگای ئومیدی گەلی کوردمانە لە بەشەکانی تری کوردستان بەتایبەتی لە کوردستانی ئێران کە لە سێ ساڵ زیاتر ڕۆڵەکانی خەباتی چەکداری درێژخایان ئەکەن دژی ڕژێمی خومەینی ڕەگەزپەرستشان بە شانی هێزە نیشتمان پەروەرەکانی تری ئێران .

خەونەکانی خومەینی

● فؤاد حسین احمد ●

بەدرێژایی مێژووی وڵاتی ئێران ، ئەوانەی ئێرانیان بەڕێوە بردووەو جڵەوی حوکمیان گرتوتە دەست ، ئەوەیان لەیادنەچووە چۆن وڵاتەکەیان لەسەر حیسابی خەلکی نەفراوان بکەن و ئیمپراتۆریەتێکی گەورە بۆخۆیان دابمەزرێنن بەناوی ئیمپراتۆریەتی فارس و ، هەردەم گێژی خەونبینین بوون بە زیندووکردنەوەی ڕۆژە ڕابوردووەکانی ئێرانەوە ، بەتایبەتیی ڕۆژانی ڕابوردووی (قەمبیز و کۆرش ٠٠) ٠٠ هەموو پاشاکانی ئێران خەونیان بەمەوە بینیوە ٠٠ نادر شای سەفەوی و محەمەد ڕەزا شای پەهلەوی و شایەکانی پێش ئەمانیش هەمان خەونیان بینیوە ٠٠ بەڵام وەك ڕاستی یەکی مێژوویی ئەو خەونەبێبەهایانە هەمیشە تووشی ڕوو بەڕوو بوونەوەی بەرهەڵستی ئەتەوە دراوسێکانیان دەکردن و هەمیشە بەسەر شۆڕی و ئائومێدی یەوە دەکشانەوەو هیچیان بەهیچ نەدەکرد ، تەنها پەشیمانی نەبێت ٠٠

خومەینی تەڵەکەباز ، دیسان هەمان خەون دەبینێ ٠٠ ئەمجارە ئەمیان دەیەوێ لەژێر پەردەی ئایینەکەدا وڵاتەکەی فراوان بکاتەوەو ئیمپراتۆریەتی فارس دابمەزرێنێ ٠٠ ئەخشەی ئەم ئیمپراتۆریەتەی خومەینی گەلێ فراوانو پانو بەرینە ، گشت وڵاتە ئیسلامییەکان دەگرێتەوە ، خەیالی وایە دەبێ خۆی ببێتە گەورەو پاشای سەرانسەری ئەم وڵاتانە ٠٠ ئەم ئەخشەیە لەنەندەنوسیانەوە دەسەت پێدەکات تادەگاتە وڵاتی مەغریب ، کۆمارە ئیسلامی یەکانی سۆڤیەتو ئەلبانیاو ناوچەو هەرێمەکانی یوگسلافیا کەزۆربەی دانیشتوانی ئیسلامن دەگرێتەوە ٠٠ ئەم ئەخشەیە ئەلێ گەورەو مەزنە ٠ خومەینی وبستی عێراق یەکەم هەواری ئەم خواستە گەلاوەی بێت ٠٠ بەڵام ئەوەی ڕووی دا بەپێچەوانەی هیواو ئامانج و خەونەکانی خومەینییەوە بوو ٠٠ سوپای مەزنی عێراق ، جەنگاوەرە دلێرو نەبەردەکانی قادسیەی دووەم توانی سوپای خومەینی بشکێنێ و بچێتە نێوە جەرگەی وڵاتەکەیەوە ، سوپای عێراق توانی خاکی پیرۆزی خۆی لەدەست دەرێژیی خومەینی بپارێزێت و لەخەونو تەماعی ئەوەتەکەبازە دووری بخاتەوە ٠٠ سوپای فارسی ڕەگەزپەرست ، هەرگیز ناتوانێت ئالای سەرکەوتن لەعێراقداڕاوەستێنێ ٠٠ چونکە ئالای سەرکەوتن لەم وڵاتەشیرینەدا هەردەم شەکاوەیەو پاڵەوانە نەبەردەکانی عێراق دەتوانن لووتی دوژمنیان بشکێنن و سەرکەوتنی گەورە وەدی بهێنن ٠٠

ئاشتی و ئاسوودەیی و ئۆتۆنۆمی کوردستان

لەم (١٤) ساڵەی تەمەنی ڕۆژی شۆڕشی تەموزو (٨) ساڵەی تەمەنی ئۆتۆنۆمی کوردستانی ئازیز کە پڕە لە داهێنان و لە بنیادنان و کاری بەردەوام ، سەرکردایەتی حیزبو شۆڕش هەوڵی بێ ووچان و دلسۆزانەیان داوە بۆ سەرخستنی هەموو تەجرەبەکان ، بەتایبەتیش تەجرەبەی بایەخداری ئۆتۆنۆمی ، بۆ ئەمەش گشت کۆشش و توانا و ووزەیەکی خۆی و بەشێوەیەکی زانستانە خستۆتە کارو ، زۆربەی ئەم مەسەلە ئەتەوایەتی یەی کورد بۆتەوە ٠

هەر لەم ساڵەدا ، سەرباری ئەوەی گەلو سوپای دلێری عیراق ، وا ئەبێ بە دووساڵو ڕوبەڕووی جەنگی دوژمنکارانەی فارسەرەگەزپەرستەکان بۆتەوە ، بەرنامەی بە بەرهەمهێنانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی پتر لە یەك ملیار دیناری بۆ تەرخان کراوە ، لە پێناوی ڕووکردنی بەردەوامی زەمینەی ئەم تەجرە بە نوێیەو لە پێناوی جێبەجێ کردنی هەموو ناوات ، ئامانجێکی ئادەمیزادی کورد لەم وڵاتەدا ٠٠ گەر بەوردی ئاوڕێ لە کوردستانی ئۆتۆنۆمی بدەیتەوە ، بەتەواوی تەوەرەکانی کارو داهێنانت ، لە هەمو بوارێکا ، بۆزوونتر ئەبێتەوە ، بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و تەندروستی و بناغەکاری ٠٠٠ تاد هەزاران پرۆژەت دێتە بەرچاو ٠٠ پرۆژەکانی بنکەی کۆمەڵایەتی و خانەی چاودێری کردنی کچان و دایکان و ساوایان ٠٠ ئامۆژگەی جۆربەجۆری تەندروستی و مامۆستایان و پسپۆران ، بازاڕگەو فرۆشگە ٠ بنیادنانی شاری تازە بابەت ، پرۆژەکانی زێراب و چنین و رستن و هونەرە پیشەسازییەکان و فابریقەو بەشە پیشەییەکان ٠

بێگومان جاڕدانی قانونی ئۆتۆنۆمی کوردستان ، هەر وەك چۆن بڕیارێکی بەجەرکانەبوو ، بۆ دانانی بنچینەیەکی زانستی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردو ڕەگ داکوتانی گیانی یەکیەتی نیشتمانی و سەراوەلەکردنی ئاسۆگەیەکی تازەی ژیانی ئاسوودەیی و ئاسایش لە سەرانسەری عیراقا ، ئەوا بێگومان دامەزراندنی دامو دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی و ڕاهێنانیشی لەسەر زەمینەی واقیعدا ، خۆی لە خۆیدا باشترین دەمڕاستو نیشانەیەکی گەورەی ، نبازی پاکی شۆڕشە بۆ گەلی دلێری کورد ...

نازاد

جەرێزعبدالله پشدەری : گەلی کورد هەمیشە ڕۆڵەی بەوەفای ئەم وڵاتەیە

هەموو دەزانین ، کەوڵاتەکەمان ، بەبارو دۆخێکی تایبەتیدا دەرووات و ، ئەو ڕێبازە سەربەخویی خوازەی عیراقی شۆڕش گرتویەتیەبەر ، هەر لە دەمێکەوە ، دامو دەزگاکانی ئیمپریالی و زایونی ئۆقاندەوەو بێزاری کردوون ، لەبەر ئەوە ، لەهەمو هەڵوماوەیەکدا ، تەقەللای ئەوەیان داوە بەپیلان گێڕان و لەڕێگیراوانەوە ، کۆسپ بخەنە بەردەم ئەم کاروانە ، بەڵام ، بەردەوام ، کاروانی شۆڕش و کاروانی سەربەخۆی عیراق سەرکەوتووبووەو بەردەوام پیلانەکانی دوژمن و ناحەزان ، ئەنجامیان تێك شکان بووە ٠

کاروان دەروات ، عیراقێکی سەربەرزو سەرکەوتوو بنیات دەنێت ، دوا ئەلقە لەزنجیرەی پیلانەکانی ئیمپریالی و زایونی ، هاندانی تاقمە ڕەگەزپەرستەکەی ئێرانە کە عیراقیان ڕوو بەڕووی شەڕێکی دوژمنایەتی کاری کرد بەمەبەستی تێکدان و ویران کردنی ئەوەی شۆڕش و بەبازووی ڕۆڵەکانی بنیاتی ناوە ٠ جارێکی تر ، گەلی عیراق ، بۆدۆستو دوژمنی سەلماند ، بەدڵسۆزی لەگەڵ سەرکردایەتی و ڕێبازی شۆڕشدایە کە سەربەستی و ڕێزی دەپارێزی و پاشە ڕۆژی بەختەوەرو سەربەرزی بۆ خۆی و نەوەی ئیستاو پاشە ڕۆژی زامن دەکات ٠

گەلی کورد ، لەعیراقی یەکیتی و برایەتی و سەربەستیدا ، لەلایەن دوژمنانیەوە ، گرەوی ئەوەی لەسەر دەکرا کە لەوانەیە ئەو کەلەبەرە بێ دوژمن بتوانێ لێوەی بێتە ژوورەوە ، بەڵام وریایی گەلو شۆڕش هەموو هەلێکی لەکیس دان ، گەلی کورد مەردانە شان بەشانی برای عەرەبی لەریزی پێشەوەی پەرگری کردن لەسەربەستی و سەربەخۆیی عیراق دژی دەستدرێژی نارەوای ڕژیمی ئێران وەستاو ، بەدەیان بەڵگو سەدان ڕۆڵەی لەپێناوی ئەم مەبەستەدا کردە قوربانی ٠

ڕۆژنامەی « هاوکاری » لەچوارچێوەی چالاکی ڕۆژنامە نووسیداو بەرچاوخستنی بیروڕای ڕۆڵەکانی گەلەکەمان ، زنجیرەیەك چاوپێکەوتنی لەگەڵ ڕووە ناسراوەکانی گەلی کوردمان پێك هێنا ٠ بۆدەربڕینی باری سەرنجیان بەرامبەر ئەم بارەی ئێستا

بڕوانە ل : ٧

کەرتی بازرگانی و ئاسوودەیی مرۆڤ

لە پێناوی بەدیهێنانی ئاستێکی بەرزی ، ژیانێکی چاکتر بۆ زوربەی کۆمەڵی گەلو بۆ ڕووبەڕووبونی داوای فراوانی خەلك بۆ کوتالی ئیستیهلاکی ، کەرتی بازرگانی گۆڕانێکی گەورەی بە خۆیەوە بینیو بەرنامەی شت هاوردنی عیراق لە دەرەوە لە ساڵی ١٩٨٠دا گەیشتە (٤) هەزار ملیۆن دینار ٠٠ بەشی کەرتی بازرگانی ئیشتراکی کە جاران تەنیا (٤١٪) بوو ، گەیشتە (٨٩٪) ٠٠ ئەستاردی عیراقیش بۆ دەرەوە ـ عەیری نەوت ـ بە جۆرێکی زۆر فراوان گەشەی کردو لە دوادوایی ساڵی ١٩٨٠دا گەیشتە (٣ر٥) جار لە جاران پتر ٠٠

لە بواری بازرگانی ناوەخۆشدا ، لەم ساڵانەی شۆڕشدا ، بایەخێکی گەلێ فراوان بە ڕێکخستن و بەڕەپێدانی تۆڕی دابەشکردن و فرۆشتنی شتومەکی خۆراك و ئیستیهلاکی پێویست دراوە

وریا بڕوانە ل ٧

Institut kurde de Paris

• وتەی سەرنشگدار •

کوردی دڵسۆز .. عێراقی دڵسۆز

● هیچ دژایەتیەك لەنێوان ئەوەدا نییە کە تۆ عیراقی بیت‌و کوردبی ، لەنێوان ئەوەدا کە عیراقی‌یەکان کوردبن‌و بڕوایان بە مافە نەتەوەییەکانی گەلی کوردمان هەبێت‌و بەشێکی بنەڕەتی‌بن لە گەلی عیراق ، هیچ ناکۆکی‌یەك لە نێوان ئەوەدا نییە کە عەرەب لە عیراق کوردبێ، بەو واتایەی کە باوەڕی هەبی‌و بە دڵسۆزی‌یەوە لەپێناوی مافی گەلی کوردمان لە ئۆتۆنۆمی‌داو بۆ بەرەپێدانی ئۆتۆنۆمی بەرەپێشەوە کاربکات لە هەمان کاتدا کە نەتەوایەتی‌یە عەرەبی‌یەکەی خۆی بپارێزێ .

سەرەکی فەرمانده
صدام حسین

● لەسەر هەموومانە باوەڕمان بەوەبێ کە کوردێك لەپێناوی عەرەبدا کار ئەکا ، بەوە لە پێناوی کورداو لە چوارچێوەی ئەم باوەڕەدا کارئەکا . وە عەرەبێك کە بەدڵسۆزی بۆ کورد کار ئەکا ، مانای وایە بۆ هەموو عەرەب‌و لە چوارچێوەی ئەم باوەڕەدا کارئەکا ، ئەمەیە گیانی حوکمی زاتی ، کەوا ئەکا ، گەل توانای بەسەر بنیاتنانی ئیستای بەختیارو پاشەڕۆژی رونادا بشکێ‌و یەکێتیمان ئەکاتە بنکەی رونا‌کی گەورەو لە بیروباوەڕی بەرزا دەرس ئەدا بەلایەنەکانی ترو توانای دەربڕینی بالا ئەدا لە باوەڕو پاراستنیدا .

سەرەکی فەرمانده
صدام حسین

وتەیەك باهەر نەزانن

بەڵێ : ئەی جەنگاوەرانی‌ڕێگەی رزگاری .. ئەی شەرەفمەندانی عیراق ..هەمیشە ئێوە هێزی دەسوەشێنەری ئێمە بوویەن،هێزی تۆڵەی پیرۆزی بە دیل‌گیراران‌و شەهیدان . .چونکە وەك سەرەك ووتەنی :

« ئێوە بە شمشێری ئیمامی‌عەلی ـ س.خ ـ شەڕ نەکەن .. »

بە بیرو بڕواو متمانەوە،بەسەر دوژمنانی رووناکی‌و سەرفرازی‌ی زاڵ ئەبن ، هەروەك چۆن باوباپیرانتان راوەدووی تاریکی‌وستەمیان‌نا . .

● ئایا رزێمی چەپەڵی‌خومەینی ، ئەوەی بۆ ئاشکرا نەبۆتەوە کە : پیاوانی‌ئێمە ، لە چ مەعدەنێکن‌و لە هەوێنی چ نازارێکەوەسەریان هەڵداوە .. ؟ رۆڵەی هەزاران کارەسات‌و تەجرەبەی‌جگەر بڕن .. ؟

وا دیارە هێشتا نەیانزانبوە،یا هەر نایانەوێ بیزانن .. با هەر نەیزانن‌و با هەر لە نێوخەونی ئاشوپاشیاندا قنەو تلۆر بنەوە .. !

ئەوان نازانن ، ئێمە لەچ بن بەردو گردو تەلان‌و سەنگەرێ بۆیان دەرئەچین‌و کەی بۆیان دەرئەچین .. ! نازانن چۆن وەك تیری ناگەهان دلی نێروەکانیان شەقار ئەکەین .. ! ئایا ئەوگەلۆرانە ئەزانن ئێمە ، ها لە کوێ داین .. ! هەر ڕۆژەنا ڕۆژەیش ، سەنگەرێکیان پێ بەتاڵ ئەکەین‌و بەرەیەکیان‌تێك ئەشکێنین .. ! با هەر نەزانن ، چونکە وەك‌وشترمورغ سەریان خستۆتە نێو لەوەو لنگەو قووچ‌وەستاون‌و وەك شەمشەمە ـ کوێرە ناتوانن سەیری خۆری‌راستی‌و دادو مرۆڤایەتی بکەن .. !

● بەڵێ : ئێوە ئەی‌جەنگاوەرانی دلێر ، حواو مێژوو هەموو مرۆڤایەتی‌لەگەڵ ئێوە دایەو لەگەڵ مافی رەوای ئێوە دایەو لەگەڵدەنگی حەق‌و راستی‌و پاشەڕۆژ دایە ..

بۆ پێشەوە ئەی دلێرانی‌عیراق ...

کەمال

★ ★ ★

سەردەشت

وێنەیەك لە ئێران

نوسینی ا.ن. دڵسۆز

سەردەشت خۆشەو سەوزەلانە
ڕێکوپێکو خنجیلانە
سەردەشت شارێکی کوردانە
سەردەشت شارێکی ئێرانە
هەموشتێ گرانە
نرخی ئەوا لە ئاسمانە
تەنها شتێك کە هەرزانە
هەر ئینسانە هەرئینسانە
نرخی گیان لە ئێرانا
هەریەك گوللەی پاسدارانە
ئەمڕۆ لە هەموی ئێرانا
هەمو شتێ هەرگرانە
هەر ئینسانە کە هەرزانە
هەر گیانە کە هەرزانە

ئەدەب و ڕۆشنبیری

لە ئەدەبی ئافسانەیی میللەتانی ئاسیاو ـ هیندی‌یەوە

دووشتی بێ هاوتا

د. کاوس قەفتان
کردویەتی بە کوردی

ئەوەیی رووی‌دا بەم جۆرە بوو .

ڕۆژێك لە ڕۆژان هەورە تریشکە لە ماڵی پیاوێکی ماقوڵی داو سووتاندی . هەرچی هەیبوو سووتا . بەڵام تەنیا یەك‌شتی بۆ مایەوە ، ئەوەش مەنجەڵێکی ئاسنی گەورەبوو (لە جۆرە ئاسنێك دروست ئەکرێت ڕەنگەکەیی ڕەش‌باوەو هەتا بڵێیت قورسە ـ وەرگێر) ، ئاگر پێی نەوێرابوو نە سووتابوو .

ئەم پیاوە کە ناویی « ناندوك » بوو ، بریاریی‌دا سەریی خۆیی هەڵگرێت‌و گوندەکەیی بەجێ‌بهێڵێت‌و هەوڵ بدات قورباەسەریی‌و بەدبەختی‌یەکەیی لە بیر خۆیی بباتەوە . ناندوك پێش ئەوەیی بڕوات چووە لایی « لاکشمانی »ی هاوسێ‌یی‌و پێ‌یی‌ووت :

ـ هاوڕێیی خۆشەویست ، تکات لێ‌ئەکەم ، چاوت لەو تەنیا شتەبێت کە بۆم ماوەتەوەو لایی خۆت بۆم هەڵ بگرە ، واتە ئەم مەنجەڵە ئاسنە .

دوو ساڵ بە سەر ئەم رووداوەدا ڕۆشت ساڵی سیهەم ناندوك لە ناو ئاوارەییی پەژارەدا بوو وئیتر خۆی پێ‌نەگیراو بەرەو گوندەکەیی گەڕایەوە .

هەر ئەوەندەیی گەیشتەوە ماڵەوە رووی کردە ماڵی دراوسێ‌یەکەیی . ناندوك بینی لاکشمان رووی خۆیی خەفەت‌بار کردووەو ئەڵێ :

ـ هەر مەپرسە برام ، شتێکی سەیرو ناخۆش رووی‌دا . مشك مەنجەڵەکەتیان خوارد .

ناندوك وایی پیشان نەدا کە بڕوایی بەم قسەیە نی‌یە . بۆیە بە هێواشی‌و لە ژێر لێوەوە ووتی :

ـ حەز ئەکەم بچمە سەر چەم ، بۆ ئەوەیی پاش ئەم ئاوارەبوونە درێژە خۆم بشۆم‌و بسمیل بکەم ، تکامە ڕێگا بە کورەکەت بدە یارمەتیم بدات . با هەموو ئەو شتانە بهێنێ کە بۆ خۆ شتن‌و بسمیل کردن پێویستە .

ئەمەیی ووت‌و بەرەو چەمەکە کەوتە ڕێ . کوڕە حەوت ساڵەکەیی لاکشمانیش بە فەرمانی باوکی شوێنی کەوت .

ناندوك شوێنێکی دوورییچۆڵی لایی بەردەکان هەڵبژارد ، بۆ ئەوەیی خۆیی تیا بشوات . کوڕەکەیی لاکشمانی گرت‌و لە ئەشکەوتێکدا شاردیی‌یەوەو دەمی ئەشکەوتەکەیی بە بەردێکی گەورەیی قورس گرت .

ناندوك پاش ئەوەیی ئەمەیی کرد ، وەکو هیچی نەکردبێت سووك‌و ئاسان بەرەو گوند گەڕایەوە .

ئێوارە لاکمشان بە هەڵەداوان‌و پەژارەییەوە گەیشتە سەریی‌و قیرانی :

ـ ئایی ناندوك ، کوا کوڕەکەم ؟ بۆچی نەگەڕایەوە ماڵەوە ؟

ـ کاکی خۆم شتێکی زۆر ناخۆش رووی‌دا . من کە خەریکی خۆ شتن بووم ، نەورەسێك هات (باڵندەیەکی دەریاییە ـ وەرگێر) کوڕەکەتی لە سەر بەردێکی سەر ڕۆخەکە هەڵگرت‌و بردیی .

ـ ئایی ، ئەوە تۆ چی ئەڵێیت ؟ هەیی بێ ئابڕوو وا ئەزانی من بڕوا بە درۆی وەها ئەکەم ؟

لاکشمان ئەمەیی بە هاوارەوە ووت . هەیە بڕوا بە درۆیی وەها بکات . کێ بڕوا بەوە ئەکات باڵندەیەکی بچووك منالێکی حەوت ساڵە هەڵگرێت . دەیی پێشم کەوە بچین بۆ لایی قازیی .

کە هاتنە لایی قازیی ، لاکشمان کەوتە قسەو ووتی :

ـ هەیی سەرۆك گەورەیی زیرەك‌و داد پەروەمان ! ئەم پیاوە درۆزنە ئەڵێ کە باڵندەیەکی دەریای بچووك کورە حەوت ساڵەکەمی هەڵگرتووەو بردوویەتی . فەرمان بەم پیاو خراپە بدە کورەکەمم بۆ بگەڕێنێتەوە .

قازیی پاش ئەوەیی گوێیی لە لاکشمان گرت ، رووی کردە ناندوك‌و ووتی :

ـ کابرا ، تۆ وائەزانی ئێمە گەوجین ؟ هەر ئیستە ڕووی دراوسی‌یەکەت ئەگەڕێنێتەوە .

ـ چۆن ئەمەم پێ ئەکرێت ؟ چون بیگەڕێنمەوە کە باڵندەکە فڕانی‌و بردیی ؟

هەموو ئەوانەیی لەژوورەکەیی قازیی بوون ، خۆیان پێ نەگیراو بەدەنگی‌بەرزەوە هاواریان کرد :

ـ ئەوە چی ئەڵێ ؟ گوایە باڵندەیەکی بچووك منالێکی حەوت ساڵەیی پێ هەڵ ئەگیرێت ؟

ناندوك پێکەنی‌و ووتی :

ـ لەو شوێنەیی مشکان ئەتوانن مەنجەڵێکی ئاسن بخۆن ، هەرلەوێشدا باڵندەیەکی بچووك منالێکی حەوت ساڵە ئەفڕێنێ .

ئەوسا ناندوك کەوتە گێرانەوەیی بەسەر هاتەکەیی . بۆیانی گێرایەوە چۆن مەنجەڵەکەیی لایی لاکیشمان داناو پاش دوو ساڵ چی پێ ووت . ئەوسا هەمووان دایانە قاقایی پێکەنین‌و ووتیان :

ـ ناندوك‌و لاکیشمان ، ڕێك بکەون‌و دوژمنایەتی بخەنە ئەوڵاوە . با لاکیشمان مەنجەڵەکە بداتەوە بەناندوك‌و ئەویش کورەکەیی بداتەوە .

هەر وەهاش رووی‌داو هەردووڵایان نیازیان هاتە دیی . بەڵام لەو ڕۆژەوە دانیشتووانی گوندەکە ئەمە ئەڵێین :

ـ لەو شوێنەیی مشك مەنجەڵ ئەخوات ، هەر لەویش باڵندەیەکی بچووکی دەریایی ئەتووانێت منالێکی حەوت ساڵە هەڵگرێت .

بۆ ئاوارەکانی ئێران

ئێوارە بوو .. دەمەوزستان
لەتەمدا بووم
سەرم بەرەو ئاسمانێکی‌پڕ لەهەور
بڵند کردو ،
لەجیهانێکی ئەنیادا خۆم‌بەدی کرد !
لەشارێکی نامۆدا بوو ،
هەژارەکانی ئێرانم بەدی‌ئەکرد !
بەکاڵاو بەرگی شرەوە ،
چنگ‌و پەلی قوڕاوی‌یان
خستۆتە ناو دەغل‌و دانی‌ئەو زەوی‌یە
ئەیانەوێ ، سەری پڕلەژەهرو قینی مارێکی ڕەش
پان کەنەوە ..

★ ★ ★

ئەی هەژارو بێ‌لانەکانی کوێستان ..
ئێوە تینووی بەفری سپی‌ئەو ئاسمانەن ،
ئێوە نەبن ، ئاواتەکان‌نایەنە دی ..
ئازارەکانتان بکەنە شمشێرو
ملی پاشای تاران‌و قوم‌بپەڕێنن ..
بچریکێنن .. جیهان‌پڕکەن ..
بێزاریان کەن .. دەنگ‌بڵند کەن ..

چیمەن ئەحمەد قەرەداغی

★ ★ ★

لە ئەدەبی ئاسراوەکانی دنیا

هنریك ئەبسن ڕابەری شانۆی نوێ

زینب حسین
ئامادەیی کردووە

هنریك ئەبسن یەکێکە لە نموەکانی سەدەی نۆزدەهەم‌و نووسەرێکی بەناوبانگ بووەو لە هەمان کاتیشدا شاعیرو فەیلسوف بووە بەڵام لە کۆتایی‌دا هونەری شانۆی هەڵبژاردووە ئەو هونەرەی هەر لە کۆنەوە دروست کرابوو بۆ بەرز بوونەوەی مرۆڤ .

شانۆی ئەبسن ، شانۆیەکی ڕاست‌و واقیعی بووە چونکە لەسەر بنەڕەتی بیرو مێشك دانراوە نەك سۆزی رووت‌و هێزو توانای زۆری تیا بەدی کراوە .

ئەبسن یەکەم شانۆناس بووە کە لە شانۆگەری‌یەکانی‌دا تبۆری دیواری چوارهەمی یەکار هێناوە کرۆکی تیۆری دیواری چوارهەم لەوەدایە کە بینەر کاتێ سەیری شانۆگەری‌یەکە دەکات حەز دەکات هەموو شت دەربارەی ئەو کەسانە بزانێت کە بە باشی‌ی ئەیان ناسێ‌و گوێیان لێ‌ئەگرێت ، چونکە ئەیەوێ زۆر شت دەربارەی خەڵك‌و ژیان روون بکاتەوە . شتێکی سەیر نییە ئەگەر بڵێین ئەبسن نووسەرێکی گەورەی ئەوروپایی‌یە ، چونکە هەر لە مێژەوە نووسەرە بە ناوبانگەکانی ئەوروپا لەسەر پێودانگی ئەم نووسەرە گەورەیە ڕۆیشتون‌و هەروەها مامۆستا ئەبسن بە دانەری قوتابخانەی (دراما) دادەنرێت ، ئەوەتا دەڵێ :

ئامانجی من لە ژیانا ئەوەیە مرۆڤ لە تاریکی ژیان رزگار بکەم ئاکو ئالوزی لە ڕەفتاری خۆی نەبینێ .

باوکی ئەبسن لە بنەچەیەکی دانمارکی ئەڵمانی بووەو دایکیش نرویجی ، لە باوکی‌یەوە فێر بوو کە حەز لە ڕەخنە بکات‌و یەلای هونەرا نەچێ باوکیشی دەوڵەمەند بوو .

یۆیە ئەبینین ئەبسن ژیانێکی خۆشی بردە سەر تا تەمەنی هەشت ساڵی ، یەڵام کە تەمەنی بووە نۆ ساڵ باوکی لە بۆاری بازرگانیدا مایە پووچ بووەوەو وایان لێ هات لە خانوویێکی مام ناوەندی‌دا بژین .

هەژاری وای لەم نووسەرە کرد ژیانی یە ناخۆشی یەسەر یەرێ‌و یە درێژایی ڕۆژگار لەگەڵ لاپەرەی کتێبە کۆنەکاندا کاتی خۆی بباتە سەر . لە تەمەنی چواردە ساڵی‌دا چووە قوتابخانەی زانیاری پەڵام سەرنەکەوت‌و وای لێ هات یە دوای ئیشتیکا بگەڕێت بۆ ئەرەی خۆی بە خێو بکات .

ئەوە بوو بۆ ماوەی پێنج ساڵ بووبە شاگردی دەرمانخانەیەك لەگەڵ ئەوەش‌دا هەر کەم دەست بووو ڕۆژەی کاتی یە ناکۆکی ئەبردە سەر ، هەر لەم ماوەیەشی‌دا چەند هۆنراوەیەکی نووسی یەڵام دیسان سەرنەکەوت‌و پاشان چووە زانستگا ، ئەوە بوو لە بواری خوێندنیشا سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا ، لە ساڵی ١٨٥٠دا (کاتیلین)ی نووسی کە بریتی بوو لە تراجیدیایەکی پەخشان ئامێز .

هەست‌و نەست‌و ئازاری خۆی تیا دەربری بوو . پەڵام ئەم پەخشانە بازاری زۆر گەرم نەبوو هەر وەکو ئەڵین لە سی دانە زیاتری لێ نەفرۆشرا . لە دواییدا شانۆیەکی نووسی بە ناوی (گۆڕی جەنگاوەر) پەڵام نووسینەکەی سەرنەکەوت .

لە پاش ماوەیەکی دیکە لە ڕۆژنامەیەکی جیهانی‌دا وەکو نووسەرێك بۆ ماوەی شەش ساڵ ئیشی کردووە لە بواری گۆشە کانی شیعرو هونەری ئەدەبی‌دا کاروپاری یەرێوە دەبرد پاشان رووی کردە شانۆو دەستی بە نووسینی شانۆگەری کرد ، هەر ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٥٢دا شانۆیی‌یەکی نووسی یە ناوی (ئەو ئێوارەیەی سانت چون) کە یریتی بوو لە هۆنراوەیەکی یەزمە ساتی ڕۆمانسی لە چوار چێوەیەکی خەیاڵیدا هەروەها لە نووسینەکانی (لیدی انجر) سولهوم بولیمەنی لە ساڵی

بڕوانە ل : ٧

ڕۆمان نقیسی جیهانی

نیکوس کازانتزاکی

ئامادەکردنی
محمد طاهر
کردوویە بەکوردی

• بەشی دووەم •

کازانتزاکی ب هزرو بیرێت حۆ یێت لبڕ سیا ڤان هەمی ئەفسانەو سەرهاتیا وەك مورکێت تزبیا ب ئێك بندك گرێ بدت .

هدر وەسا ل نڤیسانێت وی بهنکا ڕەش بینیە تێدا دیارە هەتا دگەهتە نەبوونێ « عدمیە » یان دبیتە « عبثی » .

مرۆڤ ل بال کازانتزاکی هێزەکە دشێت بەرام بەری گیرو گرفتیت ژیانی راوستێت .

کازانتزاکی شیا دەنگ‌و ڕەنگێ مروڤێ ڤی چەرخی تۆمار بکەت کۆ چەند یێ سەودا سەرەو شیا شەرە نیخا خیرو شەرا خۆیا بکەت ئۆ هندە تشتێ تازە ژ کەفنی دەر بێخیت ، قارەمانێت وی یونانێیە ئۆ ژ ئاخا یونانێیە ب هەمی ڕەوشتێت خۆ .

بەرهەمێ وی وەکی کولینکێیە هەمی تیررۆژکێت هەتاڤێ تێدا کۆم دین .

رووما‌نا « مەسیحی سەرو ژنی دهلاویسن » وەك جیروکێت سیکلوجی‌یە ئۆ کارەکێ هۆنەرێ بلندە خودان قەلەمەکێ سەرکەفتی یێ نڤیسای هندە رومانسیەت یا تێدا هەی دڤالبەکێ شیعرێ تەرو شیرین بەحسی غەم‌و دەردێت مەسیحی دکەت ل تابلویەکێ شەرە نیخا مرۆڤایەتی ژکەفندا بۆ ژیانەکا باشترو تەنا‌تر ئەفە ژی خازو داخازیا هەر مروفەکی‌یە بەلێ بهن وتەما بێ دەست هەلاتی‌یە یا تێدا وەك کازانتزاکی دیماهیکێ دبێژیت (ئەی یسوع یا شخویە) هیڤی‌و داخازاتێت وی هرو با دبن . بەلێ مروڤی ناهیلتە تاریستانێ‌دا دا جریسکا هیڤی‌یە نە قەمریت هەر چەند یێ دیرەو چ بدەست قە ناهێت بەلێ دڤێت هێزێت خیرێ خەباتێ بکەن دا لەشگرێ شەری پرت‌و بلاڤە بکەن .

خاج بارێ کرانێ مروڤی‌یە بەرێ سیزیفی‌یە دڤێت بسەر چیای بێخی .

هەر چەندە رابۆنا مەسیحی رزگار بونە دڤێت مروڤ خاجا خۆ هلگریت‌و دانیتە سەر مللێ خۆ دڤێت خەباتێ بکەت چنکی رزگار بوون نینە هەکە یاخێ بین

بەشت ل سەر مانێ .

هەر چەندە کازانتزاکی مروڤکێ رەش بین بوو بەلێ دهەمی نقشتوکێت خودا بەحسێ ژیان‌و خەباتێ دکر داوا ژیانا سەر بخوی‌یە دکر .

هەر هۆسا زۆربا ئەڤێ ژیانەکا ریالزمی دژییا دەمێ تایا مرنێ هاتی‌یە رابو سەر پێت خۆ چۆ بەر پەنجەرێ‌و ڤەکر دەستێت خۆ درێژ کرن وەك دڤیا جیهانێ هەمی‌یە بێخته بەر سنکێ خۆ دیر سەح کر . .

هەر هۆسا کابتن فورتوناس ل رومانا «سەرو شنی مەسیحی دهلاویسن » دەمێ ل سەر بالکێ مرنێ هزرا خۆ هیر دکر هەر چ نەدهاتە بیرا وی زێدە زوێ کەیف‌و سەمایا بری ئۆ ئاوازین (ماندولیی)ی :

نیکوس کازانتزاکی ژی هەر ل وێ دەڤێ‌دا ئەفا (دیونیسیوسی سولوسی) بێشرەوێ قوتابخانا هیلنی دقۆنا دەمێ دگۆت (سروشت سحرە) خەونەکا جان‌و دەلاڤە ل سەد کانیکا دەرکەڤیت ئۆ بسەد دەنگا گازی دکەت هەتا دگەهتە دەرونێ مرۆڤی ئەڤێ ئەفرو دمریت هەر وەك سەد سالا مری » .

ژیان ل بال کازانتزاکی سەرکەفتنەل سەر مرنێ سەرکەتنە سەر ڕەشی بینی‌و دەست هەلاتی یە خەباتکا بەر دوامە ..

ئۆ رزگار بوون دبیرو باوەرێت کازانتزاکی دا ئارمانجەکە دڤێت خەباتێ بۆ بکەین ئۆ قیان خوشەویستی‌و کار زادێ ڤێ رێگی‌یە :

مرۆڤێ سەربەست ئەوە ئەڤێ ل ژیانا خودا ل هەمی بورا بجیت نەکو گەرێدایێ هندە بیرو باوەرێت کەفن ئۆ بیروباوەرێت خۆ نەگۆهریت بهندە تشتێت حازرو بزر :

کازانتزاکی ل رومازا (سەرو شنی مەسیحی دهلاویسین ل سەر زارێ یاناکوسی دبێژیت مرۆڤ گیان بەرەکە دئاخفیت «رفضی‌و» رازی دبیت‌و پسبارێ دکەت دڤێت ئەم خۆ ل سەر ژیانێ (فرضی) بکەین یاراستنتر .. هۆسا پیدڤی یە .

